# ئایندەی گەرمیان

بلاوکراوەیەکی سیاسی،
کومەلایەتی گشتییە راگەیاندنی
مەڵبەندی (١١) رێکخستنی گەرمیان
دەری دەکات
ژمارە (٤) پێنجشەمە ٢٠٠٥/٩/١

## لەهەولێرفێستیڤاڵی سینەما دژبە تیرۆریزم سازدەکرێ

لەژێر دروشمی (سسینەماکاران دژبە تیرۆرو توندرەوی دەوەستنەوە) ئەمڕۆ لەشاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان فێستیڤالێکی کورتە فیلم بۆدژایەتی کردنی تیرۆریزم سازدەکرێت. لەم فێستیڤالەدا ژمارەیەکی زۆر لەسینەماکاران لەتێکرای شارەکانی عێراق بەشداردەبن، ژمارەی ئەو کورتە فیلمانەی کەتاکو ئێستا گەیشتونەتە دەست لیژنەی سەرپەرشتیاری فێستیڤالەکە ٥٠ فیلمەو هەموویان باس لەدیاردەی تیرۆردەکەن کەلەعیراقی پاش سەدام حسێن. جێگای باسە، هونەرمەندانی کورد بەشداری کردنێکی چالاکیان هەیە لە فێستیڤالە جیهانیەکان وبەم دوایەش هونەر سەلیم دەرهێنەری فیلمی (کیلۆ مەتری سفر) خەلاتی یەکەمی لە فێستیڤالی( ریباتی) مەراکش بردۆتەوە.

ئایا دەستور کۆتایی بە کێشەکانی عێراق دەهێنێ؟ 2
دیدارێك لە گەڵ سەرۆکی شارەوانی دەربەندیخان 3
هیندیەکان جیهان بەڕێوە دەبەن 4
گازیوە سالح لە دیدارێکی تایبەتدا بۆ ئایندەی گەرمیان 5
شلۆمۆی کوردی و من و زەمەن 6
تاڵب چەلووب دەبێ شێروانە بگە یەنە لوتکە 8

پاش وتوێژو بگرەو بەردەیەکی زۆر، دواجار نوێنەرانی گەلانی عیراق توانیان پرۆژەی دەستورێك ئامادەکەن بۆ ئەوەی لە ١٠/١٥ ی ئەمساڵدا بیخەنە بەردەستی عیراقییەکان بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن . ئەم دەستورە لە مێژووی عیراق وناوچەکەدا بە قۆناغێکی گرنگ و چارەنوسسازدێتە ژماردن،چونکە بۆ یەکەم جارە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا پێکهاتەکانی ولاتێك خۆیان بە ویستی ودەستی خۆیان هەڵدەستن بە نوسینەوەی پەیمانێکی سیاسی کە تێدا هەم حکومەت وهەم گەل ئەرك ومافەکانی خۆیان دەزانن.

ئەگەر نەختێك بگەرێنەوە بۆ دواوەو پانۆرامایەکی ئەو دەستورانەی کە لە لایەن حکومەتە یەك لە دوای‌یەکەکانی عیراقەوە بەسەر گەلانی ئەم ولاتەدا سەپێنراون لەبەرچاو بگرین، دەبینین لە هیچ یەك لەو دەستورانەدا نەك کورد رۆڵی نەبوە لە نوسینەوەیاندا، بەڵکو لەکاتی سەپاندنیشی‌دا گەورەترین زیانی لێ کەوتوە و ئەو دەستورانە بوونەتە هۆکارێك بۆ زیاتر زۆلم کردن لە گەلەکەمان.تەنانەت ئەگەریش بەرێکەوت باس لە کورد کرابێت ئەوا بۆ خۆڵ لە چاوکردن بووە.

لە پاش کۆتایی هاتنی‌جەنگی سارد رۆژ لە دوای رۆژ پێگەی کورد نەك هەرلە عیراق، بەڵکو لە ناوچەکە بەهێزو پتەوتر دەبێت، هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو ستراتیژە ژیرانەیەی کە سەرکردایەتی سیاسی کورستان بەگشتی و یەکێتی نیشتمانی بەشێوەیەکی تایبەت گرتویانەتە بەر.سیاسەتێك کە لە گەڵ دونیای مۆدێرن وگۆرانکارییە هاوچەرخەکانا سازگارەو دەگونجێت.

بەردەوام بوون لەسەر ئەم رێبازە وئەم تەرزی سیاسەت کردنە لە ناو دیمەنی‌ئاڵۆزو پر لە تەمووموژاوی عیراق، وای کرد نەك هەر ولاتێکی زلهێزی وەك ئەمریکا پشگیری داخوازییە رەواکانمان بکات، بەڵکو سەرجەم ئەو بەرنامە و داخوازیانەش بێنەدی کە لە ماوەی دەساڵی رابردوودا یەکێتی نیشتمانی کوردستان خستبونیە بەرنامەی کاری خۆیەوە.

لە راستی‌دا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە سەروی هەموشیانەوە بەرێزان مام جەلال سەرۆك کۆماری عیراق و مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی‌کوردستان ئەوبەرێزانەی کە لە وتووێژەکاندا بوون، ئەرکی سەرشانی خۆیان بەوپەری سەرکەوتوویی بەجێ‌گەیان وەستورێکیان ئامادەکردوە کە کورد تا رادەیەکی زۆری خواستەکانی دابین کراوە،لێرەشەوە ئەرکی جەماوەری ئێمەیە لە ١٠/١٥ بە(بەلێ) پشتیوانی خۆیان بۆ دەستور دەربرن..

## ٤٢٠ خوێندکار بڕوانامەی دیپلۆم وەردەگرن
## حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا دەرچوانی پەیمانگای مامۆستایانی کەلار دابمەزرێنێ



بەچاودێری وەزیری پەروەردە ئێوارەی ٨/٣٠ لەگۆرەپانی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی کەلار، ئاهەنگی دەرچوانی خولی فیدرالی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی کەلار بەرێوەچوو. لەئاهەنگەکەدا کەبەرێزان شێخ محمد شاکەلی‌و مەحمود سەنگاوی وعومەر محمد صالح و نوێنەرانی مەڵبەندی ١١ی گەرمیان و مەلا سەعید لێپرسراوی ئیداراتی گەرمیان وقایمقامی کەلارو لیپرسراوانی حزبی‌و حکومی ناوچەکەو کەسوکاری خوێندکارە دەرچووەکان ئامادەی بوون. سەرەتا بەرێورێشتنی کەژاوەی خوێندکارە دەرچوەکانی بەشەکانی پەیمانگا هاتنە نێو گۆرەپانی ئاهەنگ. دوای خوێندنەوەی چەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز و وەستان بۆگیانی پاکی شەهیدان پرۆگرامی ئاهەنگەکە دەستی پێکرد. مامۆستا عومەر حمەصالح بریکاری وەزارەتی پەروەردە ووتاری وەزارەت ولیژنەی سەرپەرشتیاری ئاهەنگەکەی خوێندەوەو پیرۆزبایی لەخوێندکارە دەرچووەکان کردو مژدەی پێدان کەبەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریداوە سەرجەم خوێندکارە دەرچووەکانی خولی فیدرالی بۆئەمساڵ دابمەزرێن هەروەك هیواشی خواست خوێندکارە دەرچووەکان لەئاستی ئەو ئەرکە پیرۆزەدابن کەرووبەرووی دەبنەوە. دواتر لەلایەن دارا ئەحمەد سەمین ووتاری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی گەرمیان ووتاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان خوێندرایەوە. دواتر خوێندکارە دەرچووەکان سوێندیان بەخوای گەورەو خاك وخوێنی شەهیدان خوارد کەدڵسۆزی گەل وخاکەکەیان بن و ئینجا لەلایەن بریکاری وەزارەتی پەروەردەوە بڕوانامەی دبلۆم بەخشرایە خوێندکارە دەرچووەکان. لەبەشێکی تری ئاهەنگەکەدا لەلایەن ئامادەبووانەوە خەڵات ودیاری بەخشرایە خوێندکارە سەرکەوتووەکان وئەنجومەنی‌پەیمانگا. شیاوی ووتنە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی کەلار لەساڵی ١٩٩٥ دامەزراوەو لەخولی دەرچوانی فیدرالیدا ئەمساڵ ٤٢٠ خوێندکار لەبەشەکانی کوردی‌و ئینگلیزی‌و بیرکاری‌و وەرزش دەرچوون

## خولی مەشقی دەمانچەی گلۆك لەدەربەندیخان کۆتایی پێهات



رۆژی ٢٠٠٥/٨/٢٣ بەسەرپەرشتی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان و فەرماندەیی خولی مەشقی دەربەندیخان وە بە ئامادەبوونی بەرێز عەقید چەتۆ ساڵح بەرێوەبەری پۆلیسی گەرمیان و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەفسەرانی ئەو سنوورە خولی مەشق بۆ دەمانچەی گلۆك کۆتایی پێهات لە شاری دەربەندیخان ، کەپەنجا مفەوەز و کارمەندی بەرێوەبەرایەتی‌یەکانی چەمچەماڵ و دەربەندیخان و بارەگای بەرێوەبەرایەتی گەرمیان بە شداربوون لەو کۆرسەدا و بۆ گرنگی ئەنجامدانی ئەم جۆرە خولانە رائد / لوقمان صابر شکر سەرپەرشتیار و چاودێری خولەکە ووتی : ئەم جۆرە خولە درێژەی دەبێت و هەموو کارمەندانی پۆلیس دەگرێتەوە و لەم کۆرسانەدا پۆلیس فێردەکرێت بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی دەمانچەی ناوبراو بە شێوەیەکی ئەکادیمی و هەموو رێنماییە گرنگەکانی شێوازی بەرگری کردن لە خۆ دەگرێت و مەرجەکانی کارمەندی بەشداربوو لەم خولەدا سەرکەوتنە بە رێژەیەکی زۆر باش ،پاشان لە کۆتاییدا دەمانچە بەخشێنرا بەسەر سەرجەم بەشداربوانی‌خولەکە .

## ناحیەی مەیدان سەربە ولاتی‌سوریایە!؟

تائێستا لەسەر چەند فەرمانگەیەکی سەربازی‌و حکومی ناحیەی مەیدانی سەربەقەزای خانەقین لەجیاتی ئالای عێراق ئالای سوریا هەڵکراوە، سەرچاوەیەك پێی راگەیاندین کەئەو ئالانەی هەڵدراون بەشێکیان دوو ئەستێرەی پێوەیە کەئەویش ئالای سوریایەو گووتیشی هۆکەی ئەوەیە رەنگە نەزانن کەئالای عێراق سێ ئەستێرەی پێوەیە.

## بەتۆمەتی ناوزراندنی دادوەرو پارێزەرێك هاولاتیەك دەستگیر دەکرێ

دوای بلاوبوونەوەی هەواڵ وبەداواداچوونە رۆژنامەوانیەکان لەرۆژنامەو ماڵپەرەکانی ئەنتەرنێت لەسەر کێشەی خانووەکانی سەعید درکەو ئەو دووماڵەی کەئێستا تێدان، هاولاتیەك بەتۆمەتی کۆپێکردنی بابەتێکی ماڵپەری (کوردستان نێت) لەلایەن پۆلیسی کەلارەوە دەستگیردەکرێت. لەو رووەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار پێراگەیاندین کە دادوەر ئەحمەد جەلیل و پارێزەر فەرهاد حاتەم سکالای یاساییان لەدژی (نوزاد قادر) کارمەندی نوسینگەی فۆتۆکۆپی بەمۆ تۆمارکردووە بەتۆمەتی ناوزراندنی هەردوو ناوبراو بەهۆی کۆپێکردنی ئەو نوسراوەوە.تائێستا ناوبراو ئازادنەکراوە.




## عەرەبە سوننەکان رێگرن لە بەشداریکردنی کوردو عەرەبی شیعەلە ریفراندۆم

بەمەبەستی دوورخستنەوەی کوردو شیعە لەو ریفراندۆمەی‌کەبریارەلە ١٠/١٥ ی ئەمساڵ لەعێراق ئەنجام بدرێ، عەرەبە سوننەکان لە پارێزگاکانی موسل وتکریت و رومادی دەستیان داوەتە پەلامارێکی هەمەلایەنە بۆدەرکردنی کوردو شیعە لەو شارانە. سەرچاوەکانی هەواڵ لەموسل و تەلعفەرو سامرا رایانگەیاند بەهەزاران خێزانی کوردو شیعە رووبەرووی هەرەشە بوونەتەوە وناچاردەکرێن ماڵ وحاڵیان جێ‌بهێلین و لەناوچە سوننە نیشینەکان باربکەن، ئەمەش بەومەبەستەی لە ریفراندۆمی مانگی ئۆکتۆبەردا لەسەردەستوری هەمیشەیی عێراق دەنگەکانی نەخێر زۆربن بۆئەوەی دەستورەکە رەت بکرێتەوە. هەرلەو پەلامارە نامرۆڤانەیەدا سەرچاوەیەك لەشاری سامەراوە کەنەیویست ناوی ئاشکرابکەین رایگەیاند خێزانێکی عەرەبی شیعەی دانیشتووی گەرەکی (معمل ادویە) لەسامەرا بەدەستی ئەو عەرەبە شۆڤێنانە کە پەلامارەکە بەرێوەدەبەن سوتێنراون جگەلە منداڵێکیان کەلەکاتی رووداوەکەدا لەماڵەوە نەبووە.

## دوای ٢٣ رۆژ لەکارکەوتن
## تەلەفزیۆنی ئازادیی پەخشی دەست پێکردەوە

رۆژی ٢٠٠٥/٨/٧ پەخشی کەلاری تەلەفزیۆنی ئازادی لەکارکەوت وبۆماوەی ٢٣ رۆژ بەرنامە ئاساییەکانی راوەستا، لەبارەی هۆکاری لەکارکەوتنی پەخشەکەیان هۆشیارعبدالعزیز بەرێوەبەری تەلەفزیۆنی ئازادی بە ئایندەی گەرمیانی راگەیاند کە هۆکاری سووتانی ئامێری پەخشەکەمان دەگەرێتەوە بۆ شۆرتی کارەبا و تاکو ئێستاش محاویلەی تایبەتی کارەبامان نی‌یە و زۆرجار ئەم کێشانەمان بۆ دروست دەکات و هەر بەمولیدە پەخش دەکەین ، ئێستاش هەموو ئامێرەکانمان چاککردۆتەوەو هەوڵ ئەدەین کە ئەم رووداوە دووبارە نەبێتەوە، شایەنی باسە شەوی ٢٠٠٥/٨/٣٠ دووبارە دەستی کردەوە بە پەخشی ئاسایی خۆی لە هەمان شوێن و شەپۆلی پێشوو.

## رادیۆی دەربەندیخان دەکرێتەوە

لەدرێژەی ئەو گۆرانکاریانەی کە بەشی راگەیاندنی مەڵبەندی رێکخستنی ١١ی گەرمیان دەیکات بۆ دامەزراندنی راگەیاندنێکی هاوچەرخ، بەم زووانە رادیوی دەربەندیخان دەست بە پەخش دەکات.بۆ ئەم مەبەستە کاری دروستکردنی ئێزگەیەکی AMکە پەخشەکەی بگاتە هەموو دەربەندیخان ودەوروبەری تەواو بووە چاوەرێ دەکرێت لە ناوەراستی مانگی ئەیلولدا پەخشی ئەزموونی دەست پێبکات.

ئەم هەنگاوەش لە سەر داخوازی روناکبیران وخەڵکی شارەکە دێت کە لە کاتی سەردانی لێپرسراوی مەڵبەند هەڤاڵ ئاواتی شێخ جەناب بۆ شاری دەربەندیخان خستبویانەروو.لە لایەکی ترەوە کاری گەیاندنی پەخشی تەلەفزیۆنی ئایندە بۆ هەموو گەرمیان لە تەواوبووندایە، ئەرکان رەئوف بەرێوەبەری تەلەفزیۆنەکە بەئایندەی گەرمیانی راگەیاند هەموو پێداویتستیەکان براونەتە سەر شاخی زمناکۆ و بەم نزیکانە بەهاوکاری کۆمپانیای ئاسیا سیل و شارەوانی دەربەندیخان پەخشەکە تەواو دەبێت.

# خوێندنەوەیەك بۆ"هێزی نەرم"ی جۆزیف نای

**مەجید سالح**






### پێشەكی

كۆتایی هاتنی جەنگی ساردو نەمانی سیستەمی دوو جەمسەری لە كۆتایی هەشتاكانی سەدەی رابردوودا، زۆربەی دارێژەرانی سیاسەتە ستراتیژەكانی ئەمریكای ناچار كرد جارێكی تر بە تێكرای بۆچوونەكانیاندا بچنەوە، یاخود هەستن بە موتربەكردن و گونجاندنی هەندێكی تریان، بە جۆرێك لە گەڵ واقعە نوێكاندا بگونجێ . هەندێك لەو ستراتیژیستانە، تیۆرییەكەی خۆیان لە شێوەی راپۆرت پێشكەش بە ئیدارەی ئەمریكی دەكرد و هەندێكی تریان وەك كتێب دەیانخستە بەردەم تێكرای خەڵك. كتێبەكانی وەك "كۆتایی مێژووو دواین مرۆڤ" و"متمانەی"ی فۆكۆیاما و"پێكدادانی شارستانیەكان"ی ساموئیل هانتگتۆن، هێندەی لە دەرەوەی ئەمریكا دەنگدانەوەیان هەبوو، ئەوەندە لە خودی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا قسەو باسیان لە سەر نەدەكرا. ئەوەش شتێكی سروشتی بوو، چونكە دونیای پاش شەری سارد دونیایەكە "گەر لە واشنتۆن زریان هەڵبكات دەبێ تۆ لە بیابانی عەرەبیدا خۆت ئامادەكەی بۆ زەرەرو زیانەكانی".

دواین كتێب كە مشتومرێكی یەكجار گەورەی لە ناو دونیای ئیسلامدا دروست كرد، كتێبی"هێزی نەرم و كەرەستەكانی سەركەوتن لە سیاسەتی جیهانیدا"ی (جۆزێف نای) بوو. لە راستیدا هەم ناوی كتێبەكە و هەم ناوی نوسەرەكەی بۆ خوێنەری كورد دوو شتی نەناسراون، بۆ زیاتر رونكردنەوەی وردەكارییەكانی ئەو "هێزە نەرمە"ی كە جۆزیف نای باسی لێوە دەكات، پێم باشە لە سەرەتادا بزانین خودی"جۆزیف نای" كێیە

### جۆزیف نای

ساڵی ١٩٩٥، پاش ٣١ ساڵ دابران جارێكی تر(جۆزیف نای) وەك راگری كۆلێژی جۆن كنیدی بۆ بەڕێوبردنی گشتی گەڕایەوە بۆ زانكۆی هارڤاردی ئەمریكایی. لە ماوەی كاركردنیدا دوو جارخەڵاتی خزمەتگوزاری نایابی لەلایەن حكومەتەوە پێدراوە. ماوەیەك جێگری راگری كۆلێژی هونەرو زانست بووە . پاشان لە ساڵی ١٩٧٧ تاكو ساڵی ١٩٧٩ جێگری وەكیلی وەزارەتی دەرەوەی وولاتە یەكگرتووەكان بووە بۆ كاروباری ئاسایش و تەكنەلۆژیا. دواتر سەرۆكی كۆمەڵەی ئاسایشی نەتەوەیی بوە رێگری لە تەشەنە سەندنی چەكی ئەتۆمی. لە بواری رۆژنامەنووسی دا جۆزێف نای ئەندامی ئەنجومەنی نوسەرانی گۆڤارەكانی"فورین پۆلسی"و "ئینترناسیونال سیكیورتی"بوە . ساڵی ١٩٩٥ لە یاریدەدەری وەزیری بەرگیری بۆ ئاسایشی نەتەوەیی وازی هێناوەو لە ئەپرلی ٢٠٠٤ لە زانكۆی سوڵتان قابوس وەك ئوستادی میوان دەرس دەڵێتەوە .

### سێ هێزەكەی ئەمریكا

بەرای جۆزێف نای ئەمریكا سێ هێزی سەرەكی هەیە كەدەتوانێت لە رێگەیەوە بگاتە هەموو مەرامەكانی . ئەو سێ هێزەش بریتین لە هێزی سەربازی كە لە سەر ئاستی جیهاندا هیچ هێزێكی تر ناتوانێت شان لەشانی بات و بەرگەی بگرێت. پرۆسەی "كودیا"(شۆك و تۆقاندن) كە لە رێگەیەوە عێراق لە ماوەی كەمتر لە مانگێك ئازاد كرا، هیچ گومانێكی نەهێشتۆتەوە كە ئەم ولاتە لە روی هێزی سەربازی و تەكنەلۆژیای سەربازییەوە بەزین ناناسێ.

هێزی دووەمی ئەمریكا بە بۆچونی"نای" هێزی ئابورییە، بەلاّم ئەم هێزەی ئەمریكا وەك ئەوەی یەكەمیان نییە، چونكە لەو رووەوە چەندین ركەبەری ئابوری بەهێز هەن كە دەكرێت لە داهاتوودا مەیدانی ململانێكەیان توندتر بكەن. ژاپۆن و یەكێتی ئۆروپا وچین و تەنانەت هەندێ لە ولاتەكانی باشوری رۆژهەلاّتی ئاسیا وەك هیندستان و ئەندەنوسیا لەو ولاّتانەن كەخاوەنی ئابوریەكی وان كە ئەمریكا دەبێت بە بەردەوامی حسابی تایبەتیان بۆ بكات.

ئاستی سێیەمی هێزی ئەمریكا "هێزی نەرمە" كە لە هێزی كولتوری و فیكری خۆی دەبینێتەوە. جۆزێف نای پێی وایە لە سەرتاپای دونیادا هیچ ولاّتێك و هیچ كەسێك شك نابەیت تایبەتمەندی وەهای هەبێت لەم بوارەدا. بەواتایەكی تر(هێزی نەرم) هێزێك نییە گرێ درابێت بە بە ولاّتێكەوە یان گەلێكەوە. نای پێی وایە نەك هەر ئەمریكا بەلّكو زۆربەی ولاّتانی دونیا ئەم هێزو كایگەریەی خۆیان پشت گوێ خستووە، لە ئەنجامدا ناكۆكیەكان بەهۆی بەكارنەهێنانی ئەم هێزەوە سەرهەلّدەدات.

### بۆ هێزی نەرم؟

وەك وتمان ئەوە شتێكی حەتمیە كە ولاّتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا لە رووی بەكارهێنانی هێزی زبەوە هیچ ولاّتێك ناتوانێت لە رووی‌دا بوەستێت.مارێنزەكانی ئەو ولاّتە و سەرمایەكانی لە هەر كات و هەر شوێنێكدا گەر مەیلیان لێ بێت بە توانایەكی بەرانبەر پرۆكێنەوە ئامادە دەبن و كەمترین رێگرییان دێتە بەردەم .

بە رای جۆزیف نای پاش ئیمپراتۆریەتی رۆمانی هیچ هێزێكی تر نەهاتوتە سەر زەوی ئەوەندەی ئەمریكا بەهێز بێت . ریشە كێش كردنی رژێمی تالیبان و سەدام حسین لە پاش دوو ساڵ لە كارەساتی ( ١١ ) ی سپتەمبەر نیشانەیەكی بە هێزە بۆ ئەوانەی كە باوەریان بەو راستیە نییە . بەلاّم ئایا هیچ زلهێزێكی مێژوی مرۆڤایەتی توانیویەتی تا ئەبەد بە زلهێزی بمێنێتەوە ؟ لەوەش سەیر تر زۆر گەورە هێزێكی وەك ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لە لایەن كۆمەلّێك چەتە و بەربەرەوە هەرەسی پێهێنرا ، نەك زلهێزێكی تر .

بە رای جۆزیف نای تیرۆریستانی توندرەوی ئیسلامی لەم سەردەمەوە وەك ئەو بەربەرانەن كە ئیمپراتۆریەتی رۆمایان تووشی شكست و داروخان كرد و هێزی زبری ئەو ئیمپراتۆریەتە نەی توانی درێژە بە تەمەنی دەسەلاّتەكەیان بدات .هەر بۆیە نای پێی وایە ئەمریكا بۆ كەمكردنەوەی ژمارەی ئەو بەربەرانە لە ناو جیهانی ئیسلامیدا پێویستە پەنا بباتە بەر" هێزی نەرم " نەك " هێزی زبر " چونكە هێزی زبر تا دێت ژمارەی لایەنگر و دۆست لە دونیای ئیسلامدا بۆ بن لادن و ئەلقاعیدە زیاد دەكات .

جۆزیف نای لە وتارێكدا بەناوی " هێزی نەرم و خەبات دژی تیرۆریزم " دەنوسێ : " شەری دژ بە تیرۆریزم شەری نێوان شارستانیەتەكان نیە و شەرێك نییە دژ بە ئاینی ئیسلام ، بەلّكو شەرێكی ناوخۆیە لە نێوان دوو بۆچونی جیاواز لە ئیسلام بۆچونێكی توندرەوی كەمینە كە دەیەوێت رای بەسەر زۆرینەی میانرەودا بسەپێنێ ، بۆیە ئەمریكا تەنیا بەسەركەوتنی میانرەوەكان دەتوانێت بەسەر تیرۆریزمدا زالّ بێت . "

هێزی نەرمی ئەمریكا دەبێت بخرێتە خزمەتی زۆرینەی میانرەوی ئیسلامیەوە لە هەمان كاتدا دەبێت هێزە زبرەكەی بە دوای ئوسامە و ئەلقاعیدە بێت .

جۆزیف نای لەو باوەردایە كە ئەوانەی باوەریان بە ئوسامە هەیە هەرگیز ناكرێت لە رێگەی هێزی نەرمەوە قەناعەت بە دیموكراسیەت و پێكەوە ژیان و ئازادی فەردی بهێنن ، بەلاّم ئەمریكا دەتوانێت بەهۆی سەرمایە گوزاری لە بواری هێزی نەرمدا ژمارەی ئەوكەسانەی كە پێ دەچێ ببنە لایەنگری ئەلقاعیدە لە داهاتودا كەم كاتەوە بۆ نزم ترین رێژە .

لێرەدا جۆزیف نای ئەزمونی چەندین سالّەی رۆژئاوا لە كاتی شەری سارددا دژ بە ولاّتانی بلۆكی رۆژهەلاّت وەك نمونە باس دەكات . نای لەم بارەوە دەلّێت: "لە رێگەی ئەو ئێزگانەی كە لە رۆژئاواوە بەرنامەكانی بۆ ناو ئەو دیوی پەردەی ئاسنینی سۆڤیات پەخش دەكرد توانیمان هەرەس بەو لە خۆبایی بونەی شوعیەكان بهێنین ، هەروەها ئالّوگۆركردنی خوێندكاران لە نێوان هەردوو لا بوە هۆی ئەوەی ژیانی خۆش گوزەرانی رۆژئاوا لە ناوەوە وەك كرم سۆڤیات لە بەر یەك هەلّوەشێنێ .

### جیهانی ئیسلام و هێزی نەرم

پرسیاری سەرەكی جۆزیف نای ئەوەیە : ئایا ئەمریكا لە بەكارهێنانی هێزی زبر لە لە جیهانی ئیسلامیدا چی دەست كەوتووە ؟

لە وەلاّمی ئەم پرسیرەدا نای دەلّێت : " شەپۆلی دژ بە ئەمریكایی لە زۆربەی ولاّتاندا روو لە زیاد بوندایە . " تۆماس پیكرینگ پێی وایە سالّی ٢٠٠٣ لوتكەی نارەزایەتی جیهانی ئیسلامە لە ئەمریكا . كارەساتی ( ١١ ) ی سپتەمبەریش دەربری ناخی ژمارەیەكی بەرچاوی كۆمەلّگا ئیسلامیەكانە بەرنبەر ئەمریكا . ئامارەكان ئەوە دەردەخەن كە نەك هەر لە جیهانی ئیسلامدا بەلّكو لە زۆربەی ولاّتاندا چیتر خواردەمەنیەكانی " ماك دۆنالّد "پێلاّو و جلەكانی" nek " وەك جاران كریاریان نییە ، تەنانەت فیلم و گۆرانی و مۆسیقای ئەمریكایی لە چاو بیست سالّی رابردوودا ئاستی بەكارهێنانیان دابەزیوە .

### " هێزی نەرم " و پێكهاتەكانی

ئەگەر چی لە پاش بلاّوبونەوەی كتێبی " هێزی نەرم " ی جۆزیف نای لە سالّی ٢٠٠٢ ئەم زاراوەیە بوبە مایەی سەرنج راكێشانی نوسەران و بیرمەندان لە ئەمریكا و دەرەوەی ئەو ولاّتە ، بەلاّم لە راستی دا هەر ئەم نوسەرە لە سالّی ١٩٩٠ دا لە كتێبی " boundtolead " دا زاراوەی " هێزی نەرم " ی بەكار هێنابوو . پێش ئەوەی وەك ناونیشانی كتێبێك رابگەیەنێت لە سالّی ٢٠٠٢ یشدا لە كتێبی " the paradox of amrericn pawer" دا جارێكی تر باسی لە " هێزی نەرم " كردبوو . جگە لە جۆزیف نای كە پێناسەكردنی خۆی بۆ " هێزی نەرم " بریتییە لە : " توانای گەیەشتن بە ئامانجە دیاری كراوەكان لە رێگەی راكێشانی سەرنج بۆ چوونی ئەوانی دی بۆ لای خۆت بە بێ بەكارهێنانی هێزی زبر و خەرجی زۆر " .

بەلاّم چەندین لێكدانەوەی تر بۆ زاراوەكە كراوە كە لێرەدا هەندێكی دەخەینە روو : " هێزی نەرم بریتییە لەو توانایەی كە دەتگەیەنێتە ئامانجەكانت بەبێ بەكارهێنانی زۆر و ناچاركردن " . یان " هێزی نەرم هێزێكە كار لە ئامانجەكان دەكات و دەبێتە هۆی گۆرینی رەوشت و ئاكاری ئەوانی دی بەبێ بەكارهێنانی گوشار و هێزی زبر " . بۆ زیاتر رون بونەوەی زاراوەكە لێرەدا پێچەوانەی " هێزی نەرم " كە " هێزی زبر " ە دەخەینە روو . جۆزیف نای بەم جۆرە باس ە " هێزی زبر " دەكات : " هێزی زبر پشت بە ناچاركردن و ملكەچ بوونی بەرامبەر دەبەستێ و تواناكەی لە هێزی سەربازی و ئابوری وەردەگرێت . " كەرەستەكانی هێزی نەرم تەواو پێچەوانەی ئەو كەرەستانەن كە لە " هێزی زبر " دا بەكاردێن و بریتین لە : " لایەنی كولتوری و دیدگا سیاسیەكانی ولاّت " واتە هێزی نەرم دەكرێت لە رێگەی پیشاندانی نەریتە ساسی و كولتوری و میدیاكانەوە كار لە بەرامبەر بكات و پردێكی پەیوەندی بۆ ئالّوگۆركردنی زانست و فكر و كولتور دروست بكات . كەچی كەرەستەكانی هێزی زبر بلاّی جۆزیف نای یەوە بریتیە لە بەكارهێنانی رەگەزەكانی توندو تیژی سیاسی و ئابوری و سەپاندنی گەمارۆی هەمەلایەن لە سەر بەرامبەرەكەت .

جۆزیف نای هۆكاری ئەوە دەگەرێنێتەوە بۆ ئەوەی كە ئەمریكا لە تێكرای بوجەی تەرخان كراوی خۆی بۆ وەزارەتی بەرگری سالاّنە تەنیا ( ١٥٠ ) ملیون دۆلاری بۆ دیبلۆماسیەت و هێزی نەرمی خۆی لە جیهانی ئیسلامیدا تەرخان كردوە. ئەو برە پارەیەش خەرجی دوو سەعاتی هێزی زبرە .

بۆ بەهێشتنی مەترسیەكانی تیرۆریزم ئەمریكا پێویستی بە هاوكاری گەلانی دنیا هەیە ، رێگەی گەیەشتن بە دلّی گەلانیش دیپلۆماسیەت و پەیوەندی كولتوری و هاوكاری هەمەلایەنیە . جۆزیف نای پێشنیار دەداتە سەرانی ئەمریكا و پێیان دەلّێت : " روبەروبونەوە لە گەلّ هەرەشەكان پێویستی بە ئاوێتەیەكە لە هێزی نەرم و هێزی زبر . "

Magid1968@ yahoo.com

# ئایا دەستور كۆتایی بە كێشەكانی عێراق دەهێنێ؟

**شادمان مەلا حەسەن**



لە دوایی كێشمەكێشەكی زۆر رەشنوسی دەستورێك بۆ عێراق ئامادەكراو خرایە روو .لە لایەن شەقامی عێراقیدا بەشێوەی جۆراو جۆر پێشوازی لێكرا . عەرەبی شیعە كەدەوری سەرەكیان هەیە لەعێراقی ئەمرۆ بە خۆشیەوە پێشوازیان لێكرد و بەسەركەوتنێكی گەورە وەسفیان كرد ،بیگومان ناهەقیش نین ،چونكە زۆربەی داواو پێشنیارەكانی ئەوان جێگای خۆی گرت لەناو رەشنووسەكە هەم لە چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلامی وەك سەرچاوەیەكی سەرەكی یاساكان و دەوری مەرجەعیەت و كۆمەلێك بابەتی تر . شەقامی كوردیش بە هێمنی هەوالەكەی وەرگرت ئەگەرچی زۆر شتی باشی بۆ كورد تێدایە ،بەلام لەئاست هیواو داخوازیەكانی كوردا نەبوو ، چونكە كورد داوای زۆر زیاتری هەبوو . هەرچەندە مەرج نیە هەموو داوایەك كاتێ پێشكەش بە لایەنی بەرامبەر دەكرێ وەك خۆی بدرێ چونكە ئەمە مامەلەیەكی بەرژەوەندیە هەردوو لایەن تاكو پێیبكرێ تای تەرازوو زیاتر بەلای خۆیدا دەشكێنتەوە . بۆیە لایەنی كوردی هەر توانای ئەوەندە كێشكردنی هەبووە بەلای خۆیدا . بەلام گەر چاویك بەفاكتەرە سیاسی جوگرافی و ئەمنی و بنەماكانی كۆمەلی مەدەنی ئابوری هەرێمی كوردستاندا بخشێنیین لەم بوارە مافی كورد زۆری پشت گوێ خراوە .لەولاشەوە عەرەبی سوننە لەسەر هەموو ئاستەكان رەشنوسی دەستوریان رەت كردەوە بەهەموو باڵەكانیان باڵی تیرۆر و باڵی ئیسلامی و باڵی ناو حكومەت . عەرەبی سوننە هەرچەندە بە خەیال پلاوی دەرووننە واقعی ئەمرۆی عێراق هەر لە سەرەتای رووخانی رژێمی سەدام حسێن تاكو ئەمرۆ ، چونكە نایێنەژێر باڵی واقعی تازەو واقعی رابردووش مەگەر هەر بەخەیال دووبارە ببێتەوە . ئەوەی عەرەبی سوننە دەیلێن لە خەم خۆریان نیە بۆ یەكپارچەی خاكی عێراق بەلكو لەخەمی پەراوێز كردن و نەگەرانەوەی دەسەلاتیانە بەسەر خەلكی عێراق .هەروەها چەندین مادیی ناو دەستوورەكەش بۆنی زیاتر گەمارۆدانی سوننەی لێدێت وەك نەهێشتن و ریشەكێش كردنی بەعس كەسوننە ئەمە بەهەرەشەی سەرەكی و مەترسیداری سەرخۆیانی دەزانن .هەروەها دروستكردنی چەند هەرێمێكی فیدرالّ بەتایبەت ئەگەر هەرێمی فیدرالّی باشوور یەك هەرێم بوو كوردستانیش لەباكور و بەغداش بەتی‌نیا قولایی خاكی سوننە نشین زۆر تەسك دەبێتەوە ،سنوورەكەشیان هەرێمێكی ووشك و بێ دەرامەتە ئەمەش بە پیلانێكی دەرەكی و ناوخۆیی دەزانن بۆ ووشك كردن و لاتەریك كردنیان لە سەرشانۆی شانۆگەریەكانی سیاسی و ئابووری عێراق . بۆیە دەستوور چارەسەری هەموو كێشەكانی عێراق ناكات . چونكە هەم پێكهاتەكانی خەلكی عێراق ئەوەندە ووشیار نین ، كە قبولی واقعی نوێ بكەن لە چوارچێوەی ئەم دەستووره .هەروەها ئێستا و دەمێكە شەری پێكهاتەكانی خەلكی عێراق دەستی پێكردوە بەلام لەواقعی سەرانی عێراق لە ناوچەی سەوز رانەگەینراوە . لەپێشەوەی هەموو پێكهاتەكانیش عەرەبی سوننە ئەم شەرەییان دەست پێكردوە بەلام وەلامی كورد و شیعە لاواز و لەسەر خۆیە . بۆیە واقعی عێراق گەر فیدرالیەتی پێ قبولّ نەكرێ ئەوە مەحالە دەولەتی مەركەزی دروست بێتەوە .ئەگەرنا عێراق بەرەو لێكهەلوەشانەوەو دابەش بوون دەبێ بروات و ئەگەری دووەمیش لەیەكەمیان نزیكترە . چونكە ئێستا پێكهاتەكانی خەلكی عێراق چاوەروانی هیچیان نەماوە ،ئەگەر چاوەروانی راپرسیش بین ئەوە بێگومان سوننە هەتاكو بۆیان بكرێ ئەوە رەتی دەكەنەوە رەتكردنەوەش ئەوكات هەندەیتر ئەو راستیە دەكاتە ئەمری واقع كە خەلكی عێراق ناتوانن چیتر پێكەوە بژین.بەلگەی راستی قسەكانیشمان زیاد بوونی كارە تیرۆریستیەكانی دوای تەواو كردنی رەشنووسی دەستووره . هەروەها بڕیاری پەشداری كردنی عەرەبی سوننە ئەوەندەی لە دەست گرووپەكانی لەبابەتی گروپەكەی زەرقاویە ئەوەندە لە دەست گرپەكانی غازی یاوەر و مەشعان جبووری و صالح متلگ نیە . بۆیە دەستوور كۆتایی بەكێشەكانی عێراق ناهێنی و ریگاكەش هێشتا دووره سەخت و دژواریشی زۆره .داهاتووش راستی زیاتری پێیە....

# كتێبی رەشی سەدام حسێن



٢٣ پسپۆری بواری كێشە نیودەوڵەتی و عێراق كتێبێكیان بەناونیشانی (كتێبی رەشی سەدام حسێن) بلاّوكردوەوە كە مێژووی هاوچەرخی ئەم ولاّتە لە كاتی گرتنەدەستی دەسەلاّت لەلایەن حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ ەوە ئاشكرا دەكات ، ژمارەی قوربانیانی دەستی سەرۆكی پێشوی عێراق بە "دوو ملیۆن" كەس مەزندە دەكرێت . سەرپەرەشتی كردنی ئەم كتێبە لەلایەن نووسەر و رۆژنامەنوس (كریس كۆجیرا)یە كە زیاتر لە ٣٠ ساڵە بایەخ بە مەسەلەی كوردی دەدات و چەندەها كتێبی لەم بوارە نووسیوە. وەكتێبەكە خۆی لە ٧٠٠ لاپەرە دەدات .وەزیری فەرەنسای دیموكراتی پێشوو (برنار كۆشنێر) كە لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ رێكخراوی (پزیشكانی بێ سنوور) لە كوردستانی عێراق كاری دەكرد رایگەیاندبوو: "سەدام یەكێ بوو لە خراپترین دیكتاتۆرەكانی مێژووی مرۆڤایەتی، لەناوبردنی كارێكی پێویست وبەجێ بوو" .

هەروەها سەرۆكی فەخری یەكێتی نیو دەوڵەتی بۆ مافەكانی مرۆڤ "باتریك بودوان" وای دەبینێ سیاسەتی سەدام حسێن بریتی بوو لە "تاوانەكانی جەنگ"و"تاوان دژبە مرۆڤایەتی"و"قركردن"هەروەها "دەركردنی زۆرەملێ"ی دانیشتوان لە عێراقدا و "ئەشكەنجەدان"ی ئۆپۆزسیۆنەكان .

كۆدەنگی نووسەرانی ئەم كتێبە بەتایبەتی "ئەندریە بوبار" پرۆفیسۆر لە بواری ماف لە زانكوی مۆنتریال ئەوەیە كە پێویستە "دادگایی كردنی سەدام كە لە كانونی یەكەمی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریكیەكانەوە دەستگیركرا لەلایەن عێراقیەكانەوە بێت".

ناواخنی كتێبەكە باس لە پەلامارەكانی"ئەنفال"دەكات كە دژی كورد لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ ئەنجام دراو تێیدا ١٠٠ــــ١٨٠ هەزار قوربانی و بێسەوشوێنی لێكەوتەوە. بەپێی لێكۆڵینەوەی كوچیرا هەروەها بۆمبارانكردنی هەڵەبجە بە چەكی كیمیایی كە ئەویش ژمارەی قوربانیانی (٥ هەزار كەس) بوو ، سەرەرای "تەرحیل"كردنی ژمارەیەكی زۆری عێراقی بە تایبەتی فەیلیەكان بە تاوانی رەچەڵەكی ئێرانی‌لە ساڵی ١٩٨٠ . هەروەها بێسەرو شوێن كردنی هەزاران كەس و "داپلۆسینی شیعە".

**وەرگێرانی/سۆبە عوسمان**

# دكتۆر مارف عومەر گولّ:
# بەئەندازەیەكی باش داخوازییەكانی كورد لەدەستوردا تۆماركراوە

ئا : لاپەڕەی ئازاد

لێبوونەوەی لیژنەی نووسینەوەی دەستور لەڕەشنووسەكەی‌و پێشكەشكردنی بۆ كۆمەڵەی نیشتمانی عێراق، شەقامی كوردی بەگرنگی‌یەوە وەری گرت وبووە جێگەی باس وخواستی هاونیشتمانانی كوردستان بەجۆرەها شێواز ڕاگۆڕینەوەی لەبارەوە دەكرێ.

دكتۆر مارف عومەر گولّ' مامۆستای یاسا لەزانكۆی سلێمانی‌و روناكبیری ناساراوی كوردستان لەلێدوانێكیدا بۆرادیۆی دەنگی گەرمیان لەكەلار رایگەیاند كەوەك كورد دەستور زەمانەتی قانونیە لەوڵاتداو دەبێ سەد پەیرەو بكرێ‌و هەموو قانونەكانی دوای دەستور لەژێر رۆشنایی ئەو دەستورەدا بنوسرێت وناكۆك نەبێت لەگەڵیدا، بەهەمان شێوەش سیاسەت وكرداری دەزگاكانی ناوخۆی دەوڵەت دەبێ جووت وگونجا بێت لەگەڵ سەرجەم بابەت یان مادەكانی ناو دەستورەكەدا.

لەو چاوپێكەوتنەكەیدا كەرادیۆی گەرمیان لەچوارچێوەی بەرنامەكانی تایبەت بەدەستور لەگەڵیدا سازی كردبوو، دكتۆر مارف روونی كردەوە ئەگەر هاتوو هەرپێشیلكارییەك بوو لەو دەستوردەدا یان بیانەوێ بەئاراستەیەكی تریدا بەرن یان جێبەجێ نەكەن ئەوە ئەو وەختە بەنیسبەت كوردەوە، نوێنەرانی كورد دەگەڕێنەوە بۆپەرلەمانی كوردستان



لەبەر ئەوەی كەنوێنەری ڕاستەقینەی خەڵكی كوردستانەو خەڵكی كوردستان دەنگیان بۆداوە دەتوانێ بڕیاربدات كەئاخۆ لەبەكردەوە چی دەكرێ‌و لەپێشەكی دەستورەكەداو لەهەندێ خاڵی تریشدا ڕوون كراونەتەوە.

دكتۆر مارف گولّ ئەوەشی گووت كەئەگەرچی ڕەشنووسەكە هێشتا نەخراوەتە بەردەم جەماوەر وبەوردی بیخوێننەوەبەڵام كوردو ڕابەرانی كورد لەبەغدا رایانگەیاندووە بەئەندازەیەكی زۆرباش لەداخوازییەكانی كورد تۆماركراوەلەڕەشنووسی دەستورەكەدا بۆیە بەشداری كورد چ لەدەستورو چ لەپەرلەمان وچ لەدەسەڵاتدا لەعێراق كاریگەرییەكی زۆری هەیە.ئەگەر كورد نەبوایەنەبارو زرووفەكە ئێستا بەوجۆرە دەبوو، نەدەستوریش دەیتوانی بم حاڵە بگات ولەم كاتە دیاریكراوەی خۆیدا تەواوببێ.

دەربارەی كێشەی شاری كەركوكیش ناوبراو گووتی: كێشەی كەركوك یەكێكە لەكێشە گەورەو مێژووییەكانی كورد لەگەڵ دەسەڵات لەبەغدادا، ئەوەی پەیوەندی بەكێشەی كەركوك ومادەی (٥٨)ەوە هەیە یان چارەنووسی ئەو ناوچانەی كە كێشەیان لەسەرەو لەچوارچێوەی سنوری ئەم حكومەتەی ئێستای كوردستاندانین، ئەگەرچی لەدەستورەكەدا هاتووە تاكۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ كێشەی كەركوك بەتەواوەتی چارەسەركرابێت وبارودۆخەكەی ئاسایی كرابێتەوەو ئەو ناوچانەی لێدابراون بگەڕێنەوە سەری وئەو عەرەبانەی بۆ تەعریب وتەبعیس هێنراون بگەڕێنەوە جێگای خۆیان وئەو كوردانەی دەركراون بگەڕێنەوە كەركوك.

دكتۆر مارف پێوایە دیاریكردنی سنوری كوردستان بەشێكی زۆری كێشەی كەركوك چارەسەردەكات هەروەك دەڵێت: كەركوك جگەلەوەی بۆخۆی كێشەیە چونكە لەگەڵ كێشەی دیاریكردنی سنوری كوردستاندایە، ڕەنگە ئەمە كارێكی ئاسان نەبێت كە ڕاستەوخۆ بڕیاری لەسەربدەین ئێمە سەد لەسەد سەركەوتووین، بەڵام ئێمە لەشەڕێكی زۆر قورس وسەختداین گەلێك سەختر لەو شەڕو خەباتە خوێناوییەی چەندین ساڵە ئەم میلەتە بەردەوامە لەسەری، ڕەنگە ئەوەی بەخەباتی خوێناوی بەدەست هاتووە لەشەڕی دەستوری‌و قانونی ودیپلۆماتیدا لەدەستی بدەین.

لەدرێژەی قسەكانیدا دكتۆر مارف گووتی‌خۆشبەختانە ئێمە ئەندازەیەكی باش سەركەوتنمان بەدەست هێناوە وهیچ لەو قەناعەتەدا نیم كە ڕابەرانی كورد لەكێشەی كەركوك پاشەكشە بكەن یان ناچاری ئەوەبن واز لەكەركوك وئەوناوچانە بێنن كەكێشەیان لەسەرە. كەپاشەكشەیان كرد دەگەڕێنەوە بۆ قۆناغی بیست ساڵ پێش ئێستا، بەگوێرەی ئەم قۆناغەی كەكورد و خەباتەكەی توانیوێتی دەسەڵات وئیرادەو ئیدارەی چاكی هەبێت، ئەوە ئەتوانێتیش لەئایندەدا خەباتەكەی بەردەوام بكات و شەڕی دیپلۆماتی‌و قانونیەكان بباتەوە.

# ئەركی سەرەكی رۆژنامە هۆشیاركردنەوەی جەماوەرە

شكور محەمەد حیدر

رۆژنامە بەشێكی گرنگی راگەیاندنە لەناو جەماوەردا، بۆیە حەقوایە زۆربەی بابەتەكانی رۆژنامەو گۆڤارەكان وبلاوكراوەكان تێكرا لەئاستی هۆشیاركردنەوەی جەماوەردا بێت . ئەوەی مەبەستی منە رۆژنامەو گۆڤارەكانی كوردستانە وپێویستە بابەتی زۆر بەبواری هوشیاركردنەوەی جەماوەر بدەن لەهەموو بوارەكانی ژیاندا .زۆر بە داخەوە هەموو رۆژنامەو گۆڤارەكان جگە لەگۆشە تایبەتییەكان زۆربەی بابەتەكانیان ترخانكردووە بۆ رەخنەو تەعلیق لێدانی حكومەتەكەی خۆمان ودامودەزگا حیزبی وئیدارییەكان ورۆڵەكانی خۆمان واتا لێپرسراوانی خۆمان ئەوەی لە دەرەوەی كوردستان بسێت وادەزانێ جگە لە خراپەكاری و دزی وجەردەیی وكاری نایاسایی هیچ لەكوردستاندا ناكرابێت، چونكە هەموو رۆژنامەكانی بەشێوەیەك هێرش دەكەنە سەر ئیدارەی حكومی وحیزبی لەكوردستاندا یەك لەسەد دا باسی كارە خزمەتگوزاری وپێشكەوتنی شارستانی كوردستانی ناكەن .باسی ئەوە ناكەن زۆربەی دانیشتوانی كوردستان كراوە بە موچەخۆر چی بە دامەزراندن بێت یان بە خانەنشین كردن، باسی ئەوە ناكەن زۆربەی ئەو هاوڵاتییانەی لە كوردستاندا شەهیدكراون بەدەستی رژێمی بەعس موچەی شەهیدانەیان بۆ براوەتەوە .باسی ئەوە ناكەن ئەوەی تاكە رۆژێك پێشمەرگایەتی كردووە یا كراوەتە خزمەت بۆی وخراوەتە سەر خزمەتی كارەكەی لەهەر فەرمانگەیەك دابێت، یان پێی خانەنشین كراوە .باسی ئەوە ناكەن دەسەڵاتی كوردی چاوپۆشی لەو خەڵكانە كردووە كە كاتی خۆی خیانەتیان كردووە دژی گەلەكەی خۆیان وئەمرۆ بەچاوی برایەتییەوە لەكوردستاندا تەماشا دەكرێن وهەموو مافێكیان پێدراوە بێ جیاوازی لەخەڵكە تێكۆشەرو خاوەن خەباتەكە .بەدەگمەن كەسوكاری شەهید ماوە جارێ و دوو جار زەوی وخانووی پێنەدرابێ، هەروەها بێ جیاوازی عەقاری دەدرێ بەهاوڵاتییان .زیندانە سیاسییەكانی كوردستان بەبێ بەرامبەر زەویان پێدراوە، خانەنشین كراون یان دامەزراون وماوەی زیندانیان بوونیان بۆكراوە بەخزمەت بەتایبەتی لەلایەن ئیدارەی سلێمانییەوە .كەسوكاری ئەنفالیش موچەیان بۆ براوەتەوەو زەوییان پێدراوە، بە دڵنیایشەوە ئەوانەی تاوەكو ئێستا زەوییان وەرنەگرتووە لە ئایندەیەكی نزیكدا زەوییان پێدەدرێت . لەبواری پەروەردەشدا سەد بەقەد كاتی رژێم پەروەردە لەكوردستاندا پێشكەوتنی بەخۆیەوە دیوەو رۆژ لەدوایی رۆژ بەرەو پێشكەوتن دەڕوات، ئەمانە مشتێكە لەخەرمانێك بە نیسبەت خزمەتكردنی حكومەتی هەرێم بۆ جەماوەری كوردستان .بۆیە ئركی جەماوەری كوردستانیش ئەوەیە هەموو كەسێك هەست بە مەسئولییەت بكات وخۆی بەخاوەنی كوردستان بزانێ، چونكە ماڵی راستی هەمووومان كوردستانە، دەبێ ملكەچی بڕیارەكانی حكومەتی هەرێم بین وجێبەجێیان بكەین وئیلتزامی‌پێوە بكەین .دەبێ هەمووومان دڵسۆز بین بۆ ئیدارەكەی خۆمان وهاوكاریی دامودەزگاكانی بین، بەویژدانەوە ئاوو كارەبا بەكاربهێنین، هاوكاری شارەوانییەكان بین وچاومان لەباخچە، نەمامەكانو جادەكان بێ، دەبێت هاوكاری تەواوی پۆلیس وئاسایش بین، دەبێ هاوكاری تەواوی پۆلیسی دارستان بین وڕێگە نەدەین بەو خەڵكانە سەرپێچی بڕیارەكانی حكومەتی بكەن . گەر هاوڵاتییان لەم راستییانە هۆشیارو ئاگادار بكەینەوە بەدڵنیاییەوە رەوتی پێشكەوتنی وڵاتەكەمان زیاتر بەرەو پێشەوە دەڕوات، بۆیە ئەركی سەرەكی رۆژنامەو گۆڤارەكانمان ئەمەیە نەك رەخنەی نابەجێ وناشرین كردنی دامەدزگاكانی خۆمان كە بفای خوێنی شەهیدان هاتووەتە بەرهەم .




# گەنج و یاخی بوون

ئەو رۆحیەتە جوانەی تایبەتمەندی دەبەخشێتە گەنجێتی وەك قۆناغێكی هەستیارو گرنگی ژیانی مرۆڤ، جولەو چالاكی‌و ئامادەباشی بۆ رووداو گۆڕانكارییەكان و یاخی‌بوونە، نائامادەگی هەریەك لەو خەسڵەتانە گەنج دەخاتە ژێر پرسیارەوە وئالودەی بێدەنگی‌و گۆشەگیری دەكات، بەجۆرێك كەنەتوانێ لەپرسە چارەنوساز وكاییە گرنگەكانی ژیان وكۆمەڵگادا رۆڵ بگێری‌و خاوەنی گوتاری گەنجانەی خۆی بێت.

جیالەوانە من هەمیشە یاخی بوون لەگەنجدا بەخەسلەتێكی بنەڕەتی پۆزەتیف دەزانم، بێ یاخی‌بوون دەبێ ژیانی گەنج چی‌بێت یان دەبێ خودی ئەو شوناسەی گەنج هەیەتی تاچەند بكەوێتە ژێرپرسیارەوە. مەبەست لەیاخی‌بوون ئەو مانا تەقلیدیە نیە كەڕەنگە بەشێكی زۆر لەتاكی ئێمە بەهەڵە خوێندبێتەوەوو لەزهینی خۆیدا واوێنای كردبێت یاخی بوون بریتی‌یە لەدژایەتیكردنی‌ژ یان و ڕەتكردنەوەی ئەوەی پێدەوترێ دەسەلات یان كۆمەڵگا، كەدەڵێن گەنج بارۆحیەتی یاخی‌بوونی هەبێت بەو مانایە نیە كەئیدی گەنج بوونەوەرێكی خوین گەرم وبەجولەیەو چالاكیە دەبێ یاخی ببێت ولەراست وچەوتەكانی دەسەڵات وباش وخراپەكانی كۆمەڵگا كەوەك بەشێك لەگەنجەكانی ئێمە واتێگەیشتوون دەسەلات بقەیەو ناكرێ دۆستی بین یان جیا لەڕەتكردنەوەی بەردەوام قسە پێووتنی خوێندنەوەیەكی ترمان بۆی هەبێت، بەڵكو دەبێ هەمیشە لێ یاخی‌بین، بەڵكو یاخی‌بوون بەدیوە جوانەكەیدا ئەوەیە كەگەنج نابێت لەئاست نابەرامبەریەكانی كۆمەڵگاو دەسەڵات و نەرێتە چەوتەكان وبڕیارە نادروستەكاندا بێدەنگ بێت، نابێت لەئاست كێشە نەتەوەیی‌و پرسە نیشتمانیەكانیدا رۆڵی پێشرەو نەبینێت لەسازدانی جەماوەرو دروستكردنی فشار لەسەر بەرامبەر، ئەمانەو دەیان شتی جوانترو پرسی گرنگتر وادەخوازێ گەنج یاخی ببێت وگووتاری خۆی هەبێت لەوەش بترازێ دەبێ گەنج بزانێت كەی چۆن یاخی‌دەبێت، ئێمە بۆدەبێت یاخی‌ببین كەیاخیش دەبین لەناهەقی وشتە چەوتەكان، ئەوانەی لەگەڵ ویستی ئێمەو دنیای پێشكەوتووی سەردەمەدا یەكناگرێتەوە ئەلتەرناتیڤمان چیە؟ چونكە یاخی‌بوونی گەنج لەدنیای ئەمرۆدا چی‌تر بەو شێوازە تەقلیدیە نیە كەجاران هەبووە، بەڵكو دەكرێ بەو تەرزە بێت كەتۆ دواجار لەئەنجامی یاخی بوونتەوە ئەوەی ئامانجت بووەو لەبەرژەوەندی گشتیدایە بەدەستی بێنیت نەك ئاژاوەو گرفت دروست بكەیت.

لەدواییشدا دەكرێ بڵێین كە رۆحیەتی یاخی‌بوون لەبەشێكی كەمی گەنجانی ئێمەدا هەیە، ئەو بەشە كەمەش بەجۆرێكی دیكە لێ‌تێگەیشتووە كەلەگەڵ مانا جوان ودروستەكەی یاخی بووندا یەك ناگرێتەوە.

# هیندیەكان جیهان بەرێوە دەبەن

ئا/ م.خالد مەحمود

سەردەمی جیهانگیری زۆر د یاردەی سەیرو جۆراو جۆر بەخۆوە دەبینێ كەپێشتر نەبینراوە،یەكێك لەو د یاردانە ئەوەیە زۆرێك لەناوادارترین بەرپوبەرەكانی كۆمپانیا جیهانییەكان وچەندین بازرگانی گەورە و سەركەوتوو وزانای دەركەوتوو لە بوارە جیاجیاكان لە دەرچووانی یەك زانكۆن ئەم زانكۆیەش لە ئەمەریكا یا ئەوروپا یا یابان نییە،ئەم زانكۆیە لە هیندە!!!

لەراستیدا جیهانگیری دیاردە یە كە بیرمەندان لە هەلسەنگاندنیدا زۆر جیاوازن،لەوە دەچێت ئەو هەلبژاردە دەركەوتووەی دەرچووانی پەیمانگەی تەكنیكی هیندی(IIT) ئەو جیاوازییەیان شكاندبێت ..ئەوەشیان سەلماندووە كە جهانگیری سنووری سیاسی ناناسێت..

كۆمپانیا جیهانییەكان هە میشە دوای بلیمەتەكان كەوتوون،بێ گوێدانە رەگەز یا رەنگی پێست هەولی راكێشانیان دەدەن،بۆ ئەم مەبەستەش تەنها تە ماشای بلیمەتی و توانای ژیری وزانیاریی دەكەن و هیچی تر. ساڵ( ١٩٥١) كاتێك هیند سەربە خۆیی تەواوی لە بەریتانیا وەرگرت سەرۆك وەزیرانی ئەو كاتەی (جەواهیر لال نەهرۆ) بریاریدا رەورەوەی گەشەكردن لە ولاتە كەیدا بەرەو پیشەسازی و تەكنیك ئاراستە بكات بۆ ئەو مەبەستەش وا پێویست بوو كە نە وەكانی ولاتەكەی (بەوەرگرتنی زانیاری وزانست و تەكنیك) كرۆكی ئەو گەشەكردنە بن..

لال نەهرۆ دەیویست لەجیاتی پشت بەستن بە پشتگیری مادی دەزگا زانستییەكانی رۆژئاوا باشترین برە پارەی دەوڵەت بۆ دەزگا زانستییەكان خەرج بكات،ئە مە دەبێتە هۆكاری گەلاڵە بوونی بیرۆكەی دامەزراندنی (پەیمانگەی تەكنیكی هیندیIIT) بەوێنەی پەیمانگەی ئەمریكی بۆ تەكنیك(MIT) كە پەیمانگەیەكی بەناو بانگە و بە پشتگیریكردنی مادی رێكخراوی یونسكۆ ی سەر بە نە نە تەوە یەكگرتوەكان..


گاندە
جواهر لال نەهرۆ

لەبەر كەمی دەرامەتەكان هیندییەكانی توانای دروستكردنی بینایەكیان نەبوو بۆ زانكۆ، ناچاربوون زیندانییەكی كۆن كە لە كاتی داگیركردنی بە ریتانیا بۆ هیند بۆ زیندانی كردنی ڕۆڵەكانیان بە كار دەهێنرا

وەك یەكەم حەرەمی زانكۆ بۆ ئەم پەیمانگایە هەلبژێرن،چیرۆكی سەركەوتنی ئەو پەیمانگایە كردنەوەی(٥) پێنج لقی تری لە سەرجەم ناوچەكانی تری هیندا بە دوادا هات،دەبوو هەر لقێك پسپۆرییەكی جیاواز لەوی تری هە بوایە و بە ئاستێكی زانستی بەرز لە سەر ئاستی جیهاندا..پسپۆرییەكانیش :فیزیا، ئەندازە یی كیمیایی،میكانیك،ئەندازە،زانستەكانی كۆمپیوتەر،زانستە ئاسمانییەكان.

خوێنەر رەنگە سەرسام بێت كاتێك ئاگاداری ئەم زانیاریانە دەبێت لەبارەی هیند بە تایبەت زۆر جار ئەم ولاتە وەك نموونەی هەژاری و نە بوونی تە ماشا دەكرێت بە چاوی بە زەیشەوە تە ماشای دانیشتووانەكەی دەكرێت.!!

ئەوەی جێگەی سەرنج وتێرامانە ئەم ولاتە هەژارە و دانشتوانەكەی توانیویانە سەری ولاتەكەیان بەرز رابگرن و جەندین نەوەی بلیمەت دەربچێنن كە ئیستا لە بەرزترین پلە وەزیفیەكانی كۆمپانیا جیهانییەكاندا كاردەكەن .

شارەزایان لە بواری بورصەو دراو گورینەوە جیهانیەكان كە بواریكی پركێبركی و هەستیارەو بەرێوبردنی پێویستی بە تایبەت مەندی و لیهاتووی و توانایەكی گەورە هەیە سەرسام بۆن كاتیك بینیان دەرچویەكی پەیمانگای تەكنیكی هیندی وەك بەرێوبەری گشتی كۆمەڵەی سیتی بانكی ناودار ( CITIGRuOP) دامەزرینرا .

هەروەها كەرتی گواستنەوەی ئاسمانی جیهانی دەرچوویەكی ئەو پەیمانگایەی وەك بەریوبەری هیلی ئاسمانی ( USA IRWAGYS) دانا .

لە سەر ئاستی پیشەسازی كۆمپیوتەر و بەرنامەكانی و كەرتی پەیوەندیكان ئەوە كومپانیەكان پڕن لەو بلیمەتە هیندیانە . كومپانیای سان مایكرو سیستم ( SUNMAICROSYSTEMS) و كۆمپانیای كاسكید و بۆ پەیوەندییەكان (cascadecmmunicatione)وەك رێزێك بۆ بلیمەتی ئەو دەرچووانەو تواناكانیان بازاری دراو لە (وول ستریت) كەرتی وەگەر خستنی نوێی پێ سپاردوون كە پشت بە ماتماتیكێكی زۆر ئالۆز دەبەستێ..

گۆڤاری نیوزیك لە یەكێك لە ژمارەكانیدا دەڵێت پەیمانگای هیندی تەكنیكی توانیوێتی نەوەیەكی زیرەك لەرێگەی وەرگرتنی بەرنامەی خوێندنێكی ئاست بەرزو ئالۆزەوە درووست بكات،بە جۆرێك دەرچووانی پەیمانگای هیندی لە چارەسەركردنی كێشە تەكنیكییەكاندا بالادەستن .باشترین دەسكەوتەكانی ئەم پەیمانگایە راهێنانی گەنجانە لە سەر بەكارهێنانی توانا ئەقلّییەكانیان بۆ چارەسەركردنی كێشە ئالۆزوگریدارەكان هەر وەها راهێنانیان لە بەكارهێنانی ئەقلّیان لە مامەڵەكردن لەگەڵ ماتماتیك ، ئەمە وایكردووە كە خویندكارە هێندیەكان لە ئەمریكیەكانی ببەنەوە كە هەمیشە پشت بە ئامێری كۆمپیوتەر دەبەستن كەمتریش بە ئەقلّی راهێنراو .سەرۆكی كۆمپانیای ئاسمانی (USAIRWAYS)ی هیندی ئەڵێ ئەوە تیژی كۆمپیوتەرییە ئەقلّیەكەیەتی لە كارەكەیدا تایبەتمەندی داوەتی‌و یارمەتی‌سەركەوتن وسرینەوەی زۆر تەگەرەی داوە كە روو لە كۆمپانیاكەی دەكەن..هەر وەها پەیمانگای هیندی تەكنیكی ئەو وانە تیوری وكرداریەكان پێكەوە بە خوێندكارانی دەڵێتەوە ..

سەركەوتن وتایبەتمەندی لە ئاستی دەرچووانی ئەم پەیمانگایەدا وایكردووە بە هەزارانیان بەرەو ئەمەریكا كۆچ بكەن بۆ سوود وەرگرتن لە هەل و مەرجی ژیانی ئەوێ ، هەرچەندە حكوومەتی بە گومانەوە سەیری ئەم دیاردە دەكات بەلام داهاتی مادی‌و مەعنەوی ئەم كۆچ كردووانە ولاتی ناچار بە بێدەنگی كردووە.

ساڵ(١٩٩٨) ولاتی ئەمریكا پێشوازی لە سێیەكی دەرچووانی ئەم پەیمانگایە كردووە،وەك نموونەیەك:ڤان سیلیكۆن ڤالی (SILICONVALLY)لە ویلایەتی كالیفۆرنیایە و نۆبەرەی پیشەسازی كۆمپیوتەری ئەمریكایە

ساڵانە بەلایەن كەمەوە ٨٠٪ دەرچووانی لقی كۆمپیوتەری پەیمانگی هیندی تەكنیكی رادەكێشی.بەگشتی كۆچكردنی ئەم ئەقلّانە سوودی بۆ هەردوو لا لێدەكەوێتەوە،گەنجە هیندییەكان سوود لە فرسەتی كارو داهاتی مادی گەورە دەبینن بە دیوی ئەودیویشدا كۆمپانیا ئەمریكیەكان بۆ كۆنترۆڵ كردنی بازار ئەم بلیمەتانە دادەمزرێنن،سەرەرای بەخشینەكانی ئەمریكا بۆ ئەم گەنجە دەركەوتووانە كەچی زۆر لەم گەنجانە ولاتی خۆیان بیرناچێتەوە،زۆریان دەبینی یزۆر بە دەست بلاوییەوە بەخشینی مادی ومەعنەوییان بۆ بوارە جیاجیاكانی فێركردن وكردنەوەی پرۆژەی‌پیشەسازی نوێ هەیە..یەكێك لەوانە درووست كردنی بیناى كۆلیجی

ئیدارە كە سەر بە هەمان پەیمانگای ناوبراوە (تی تی ئای)یە (سێ)ملیون دیناری بەخشی.یەكێكی تریان لە گەڵ كۆلیجی وارتون(warton ) ی ئەمریكییە پرۆژەی درووست كۆلیجی (بە ریوەبردنی كارەكانی)گرتە ئەستۆ.. شتێك كە جێگەی ئاماژەیە لێرەدا ئەوەیە لە بەر هەژاری خوێندكارانی پەیمانگای هیندی تەكنیكی زۆر ئاساییە

كە (٢٥)خوێندكار لە یەك كتێبدا بەشدار بن،ئەو كتێبە لە نێوان خۆیاندا ئاڵ وگۆڕ دەكەن وهەندێ جار بە كۆپیكردنی بە شێك لە كتێبە كە دەخوێنن، لە گەڵ ئەوەشدا ئەو حوێندكارانە سەركەوتنی بە رچاو بە دەست دێنن ..ئەوەش دەبێتە پاڵنەرێك بۆ زانكۆ ئەمریكییە ناودارەكان لە سەر ئاستی دنیا بۆ تەواوكردنی خوێندنی باڵا نوسراوی تایبەت و دەعوەت نامە بۆ بەخشینی كۆبونی خوێندن بۆ دەرچوانی ئەم پەیمانگایە بنێرن.

بگرە **زانكۆی ماریلاند** ئامادەی خۆی پیشاندا بۆ وەرگرتنی سەرجەم دەرچوانی ( تی تی ئای) پرسیارێك كە ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین ئەوەیە : بۆ سەرەرای هەژاری وهەل ومەرجی نالەبار و ئالۆزی ئەو خوێندكارانە كەچی ئەستێرەیان درەوشاوەیەو دەزگا زانستی و كۆمپانیا جیهانییەكان وەك چۆن كەسێك بە دوای زێردا بگەرێ بۆ كرینی بەو جۆرە بە دوای ئەو خوێندكارانە دا دە گەرێن؟!بەراست ئەی كۆمەلگەی خۆمان و دراوسێكانمان بۆ بە دەگمەن نموونەی لەو بابەتەی تیا هەڵ دەكەوێ؟

## کازیوە ساڵح لە دیدارێکی تایبەتدا بۆ ئایندەی گەرمیان:

# ئەو کیشانەی هەتا ئێستا ریکخراوەکانی‌ژنان باسی دەکەن هیندە قورس نین بە بڕیاریەکی حکومەت چارەسەر نەکرێت

***لە پاش راپەڕینەوە بزوتنەوەی ژنانی کوردستان، تا رادەیەکی باش دەرگایان لە بەردەمدا والآ بوو بۆ ئەوەی خۆیان رێکخەن و بەرەوە هێنانـەدی ئامانجەکانیان هەوڵی خۆیان بخەنەگەر. لە پاڵ بوونی ئەو رێکخراوانەدا چەندین ژنی روناکبیرو هۆشیارقەڵەمەکانیان خستە سەر کاغەز و بوون بە داکۆکی‌کەرێکی سەرسەختی مافەکانی ژنان.خاتوو کازیوە ساڵح یەکێکە لەو قەڵەمانەی کە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە ژنی کورد وەك هەموو توێژەکانی تری کوردستان رۆڵـی مێژووی خۆی لە کۆمەڵگاکەماندا ببینی.بۆ وەرگرتنی بیرو بۆچوونەکانی سەبارەت بە بزوتنەوەی ژنانی کوردستان (ئایندەی گەرمیان )ئـەم چاوپێکەوتنەی لە گەڵدا سازدا.***

***★ پاش تێپەڕبوونی دەهەیەك بە سەر ئازادی کوردستانی باشووردا ،چۆن دەڕوانن ئەو بزوتنەوانەی کە ئێستا بە ناوی ژنانەوە لە کوردستاندا کاردەکەن ؟.***

- دیارە ناتوانین هێڵی ڕاست و چەپ بە سەر کاری رێکخراوەکاندا بهێنین و بڵێین هیچیان نەکردوە ، بەڵام لەوانەیە خۆتان ئەوە بزانن کە خۆم رۆژێ لە رۆژان لە گەڵ رێکخراوێکی ژناندا کارم نەکردوە ، چونکە باوەڕم بە بێ شوناسی نەبووە لە کارکردن و ژیانی پراکتیکی خۆشمدا . پێم وایە لە سەرەتاو کۆتاییەوە سەرکەوتن و بتەوی هەر پرۆژەیەك متمانە دەخاتە سەر شوناسی ئەو پرۆژەیە ،شوناسیش لە دەرەوەی شـرۆڤە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و رۆشنبیریەکان بەرجەستە نابێت . ئەو رێکخراوانە تا ئێستا خاوەنی شوناسێکی دیاریکراو نین کە متمانەی بەرگریکردن لە ژن بە دەوروبەر ببەخشێت ،ئەوان ناتوانن ببن بە خاوەنی ئەو شوناسە باوەڕپێکراوەش هەتا لە نێو کایە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکاندا ،لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی خۆجیاکەرەوە وخواستێکی مێینانە نەکەونە ململانیەی ناسین و خۆناساندن. نەکراوەو ناکرێت کەسێك ،دەزگایەك ، رێکخراوێك داوای شوناسی کەسانێکی دی بکات و خۆی خاوەنی ئەو شوناسە نەبێت ، خۆی درك بە گرنگی هەبوونی شوناس و واتای نەبوونی نەکات .پێم سەیرە هەندێ جار ژنانێکی ئەو رێکخراوانە هێندە بە کارەکانی خۆیان دەنازن و هێندە منەت بە سەر ژنانی بەش مەینەتیدا دەکەن واپیشان دەدەن ئەو کارەی ئەوان دەیکەن لە سەروو لۆژیك و باوەڕهێنانەوەیە ،ئەمە لە کاتێکدا هەتا ئێستا کارکردنی رێکخراوەکانی کوردستان لە سێ ڕەهەندا خۆی نمایش دەکات ئەوانیش کێشەکانی ژن کوشتن و جیابوونەوە و هەندێ مافی ساکاری دییە ، لە کاتێکدا لەو شوێنانەی وەکو کوردستان بانگەشەی دیموکراسی دەکەن لە کیشەکانی ژناندا بە دووی ڕەهەندی چوارەمدا دەگەڕێن

ئەویش گوناهە بایلۆژیەکانە . .ژنانی رێکخراوەکان کە گوێیان لە رەخنەیەکی وا دەبێت بەو دەستە واژەیە خۆیان قوتار دەکەن کە وولاتانی جیهان ١٠٠ ساڵ بەر ئەوان کەوتوون ، ئەوەش ڕاستە کە جیهانی رۆژئاوا سەد ١٠٠ساڵ بەر جیهانی ڕۆژهەڵات کەوتووە ، بەڵام بەشێکی دواکەوتنی مرۆڤی رۆژهەڵاتی و بە تایبەتیش کورد لەو تەسلیم بوونانەوە بە خورافەی فەراهەم بوونی پێشکەوتنەکان بە پێی زەمەن و قۆناغە مێژوویەکانە ، ئەو بۆچوونە ڕاست نیە ، تەنها بەشێکی لەگەڵ ئەو بۆچوونە کۆکە ، دوو بەشی پەیوەندی بەو دەستنیشان کردنە جیاوازەوە هەیە لە نێوان مرۆڤی رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییدا لە فاکتەرە دەستنیشانکەرەکاندا فەراهەم دەبێت ، ساکارترین نموونەیان شوناسی رۆژئاوایی خۆی لە هۆشیاری ئایدۆلۆژی و تەکنیکیدا بەرجەستە کردووە ، شوناسی رۆژهەڵاتیش زۆر بە تایبەتیش لە نێویاندا کورد شوناسیان لە نێوان هۆشیاری هەرەمەکی وخورافەو ئاییندا تواوەتەوە .مرۆڤێك نەگات بە هۆشیاری ئایدۆلۆژی نازانێت بە چ پەیڕەو پرۆگرامێك مامەڵە لە گەڵ مەسەلە هەستیارەکانی وەکو مەسەلەی ژنان بکات ، نەك هەر ئەوە بگرە نازانێت مافەکانی خۆشی بە تەواوی چین ، جا کەسێك خۆی خاوەنی هۆشیاری هەرەمەکی بێت ئەو هۆشیاریەی بەرماوەیی کەلتوور و خورافە و ئەفسانەو ئاینە دەبێت چییان بۆ ژن پێ بکرێت ؟گەر رێکخراوەکان بە مێژوو و کاری چەند ساڵەی خۆیان و چنینەوەی بەرهەمەکانیشیان بچنەوە ، راستگوویانە و ڕووناك بینانە دەزانن دوو بەراووردی هێندە دوورن وەکو ئەوە وایە هیچیان نەکردبێت ، دڵنیام گەر خاوەنی ئەو هۆشیارە بن کە بەراوردێکی عەقلانی بکەن بە هۆشیاریەکی ئایۆلۆژییەوە یان سەرجەم پرۆگرامی خۆیان دەگۆڕن ، یان داوای لیبوردن لە ژنان دەکەن کە خۆشیان و ئەوانیشیان خەڵاتاندووە و لەوە زیاتر کارناکەن . تەنها لە خۆیان بپرسن بۆچی دەسەڵاتەکانی کوردستان هەتا ئێستا بە دەنگی داواکانیانەوە نەهاتووە ؟ کێ بەرپرسیارە ؟ هۆشیارە هەرەمەکییەکە یان دەرباربوونی ئەوان بۆ دەسەڵات ؟ بیگوومان هەردووفاکتەر ...ئەو کیشانەی هەتا ئێستا ریکخراوەکان باسی دەکەن هیندە قورس نین بە بڕیاریەکی حکومەت چارەسەر نەکرێت ..ئەوەی بە شیخ زانا کرا بە ژن کوژان بکرایە ، گەر نرخی ژنێکیش هێندە نرخی پیاوێك دابنرایە ئەوەی دەیکوژێت بە شێوەیەکی ئاشکرا و لە بەر دەم میدیاکاندا بڕیاری کوشتنەوەی جێبەجێ بکرایە و وەکو دیاردەیەکی نەفرەت لێکراو بە خەڵك بناسرایە ئێستا ژنان تەنها لە چەقی ئەو بازنەیەدا نەدەخولانەوە ...چەندین نموونەی دیار و زەقی دی کە دەیسلمێنێت دەسەڵاتە کوردیەکان و بڕیار و پشتگیری ئەوان لە چەوسێنەران و بکوژانی ژن و مامەڵەی یاساکانی خۆیان وەکو چەوسێنەری ژن بووە بە هۆی بەرپابوونی ئەو وەحشیگەریە دژ بە ژنە .بەڵام ! رێکخراوەکان خۆیان لە گەڵ کێ و بۆ کێ کاردەکەن ؟! کارەساتە چەوساوە و چەوسێنەر پێکەوە بۆ یەك ئامانج کاربکەن .



کازیوە ساڵح

**پێم وانیە کاری ژنان لەو حزبانە کەم بایەخ تر بێت کە مانگانە دوملیۆن دۆلار بودجەیان لای حکومەتی هەرێم و لە بری ئەوەشدا تیرۆرست بەرهەم دەهێنن بۆ لە ناو بردنی لاوانی کورد**

***★ لە پەرلەمانی کوردستان و عێراقدا رێژەیەك دیاری کراوە بۆ پەرلەمانتاری ئێوە ئەو رێژەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن و پێتان وایە ئەو ژنانە بتوانن دەنگی ژن بن یان ئەو تێروانینە دەخەنە ڕوو کە پیاوان بۆ ژنیان هەیە ؟.***

- ئێمە لە پرسیاری یەکەمدا باسمان لە کێشەی شوناس کرد، کە پێم وایە سەرجەم کێشەکانی جیهان و ململانیەکان خۆیان بە ستراکتۆری شوناسەوە گرێ داوە ، گەر لەم دەرگایەوە بڕوانینە شوناسی کورد لە نێو عێراقدا چ ئەو شوناسەی بەر لە ڕووخانی بەعس و بەر لە هەبوونی بەعسیش لە عێراقدا بە کورد براوە و چ ئەو شوناسەش پاش رۆخانی بەعس و خۆگرێدان و پیاهەڵدان بە عێراقی فیدرالی بە کورد بەخشراوە جێگەی شەرمەزارین نەك ئومێد ، من بۆ خۆم کاتێك بانگەشەی تەلەفزیونێك دەبینم بۆ عێراقی دەکات ، یان پیاهەڵدان و خۆ بە عێراقی زانینی هەر کوردێك دەبینم پڕ بە پێستی خۆم شەرم دەکەم و خوازیارم مێژوو تۆماریان نەکات رۆژێ لە رۆژان نەدرێنەوە بە نێوچاوانماندا . بۆیە مەسەلەی عێراق و فیدراڵی عێراق هیچ پنتێکی پۆزەتیفی بۆ من نەگەیاندووە و ناگەیەنێت ، هەمیشە خوازیارم و خوازیار بووم ژنانێکی بە توانا و روناکبیری کورد نەچنە نێو بازنەی بەد ناوی عێراقەوە . ئەوەی دەچێت وەکو مرۆڤ بۆ کیشە مرۆیەکانی عێراق و هەر وولاتێکی دی کار دەکات ئەوە جیاوازە و ئەرکی مرۆییە ، بەڵام گەر دەچێت لە بەغداد کوردایەتی دەکات ئەوەیان خۆ خەڵەتاندنە ، بۆ هەمموان کە دیارە بۆ ژن زۆر قورستر دەکەوێتەوە ، چونکە هەرگیز عەرەبی ئیسلامی و ئیسلامی عەرەبی باوەڕی نە بە مافی کورد هەبووە وەکو گەل نە باوەڕی بە مافی ژنیش بووە ، وەکو مرۆڤ ، وەکو لە نیوە زیاتری ئەو کۆمەڵە کە ستراکتۆری داهاتوویەکی گەش یان ڕەشی ئەو کۆمەڵە دەبەخشێت . من خوازیاربووم گەر پیاوانی دەسەڵات خۆیان لە گەڵ هەویری عێراق شیلا ژنان نەیانکردبا ، بەڵام ئەمەشیان دیسان دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی هۆشیاری هەرەمەکیەکەی باسمان کرد . دەنا ژنانی کورد ١٥ ساڵە باس لە مافی سیاسی و کۆمەلایەتی ژن دەکەن و هێشتا کاروانیان نەگەشتوە بە لە دەدا یەکی ڕێگا بە کوێدا گەڕانەوە بۆ یاسا و گرفتە عەقلیەکانی سیستانی و ئەو ژنانەی کە دەچنە سەر شەقامەکان و لە بری داوای ماف داوای چەوساندنەوە دەکەن و داوا دەکەن ئەو مافانەی یاساکانی باری کەسی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ و نیو سەدە بەر لە ئێستا پێیان بەخشراوە لێیان وەربگیرێتەوە بگەڕێنەوە بۆ شەریعەتی زیندە بە چاڵ کردن .جا کارکردن لە گەڵ ئەو جۆرە نەخۆشی ماسوشیە و ئەو عەقڵیەتە ئێکسپایەرە و لە نێو ئەو شەریعەتی جەنگەڵەدا چ پێویست دەکات باس لە رێژە و زۆری و کەمی رێژە بکرێت و چ واتایەکی بۆ ژن دەبێت ...وە هەتا ئێستا دەنگ و رەنگی ژنان لە پەرلەمانی عێراقدا چی بووە ئەوە نەبێت وەکو دیکۆر بە کاریان دەهێنن بۆ چەواشەکردنی رەنگ و پێناسەکانی دیموکراسی ...خۆ کیشەی ئێمە هەر وابووە هێندەی ژنانی دیکۆر ، رۆشنبیرانی دیکۆر و نوێنەرانی دیکور گورزی کوشندەیان لە دۆزەکەمان داوە دوژمنانمان نەیانکردووە .

***★ وەك چاودێرێك بۆ مەسەلەی ژنان بارودۆخی ژنان لە بەشەکانی تری کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنی ؟.***

- کیشەی ژنانی پارچەکانی دیش دیسان کیشەی شوناسە بەڵام بە جۆرێکی دی ، ئەوان تا ئێستا لە ململانیەی دان پێدانانداد ، وەکو کورد دانیان پێدا بنێن کە بوونیان هەیە و خاوەنی هەندێ مافی ساکاربن ، یان لایەنی کەم شایانی بنبڕکردن و زیندان و ئەشکەنجە دان نین .

دیارە لە هەموو جیهانیشدا هەر وابووە هەتا نرخی مرۆڤ بوونی گشتگیر و دانپێدانانی مرۆڤەکان وەکو نەتەوە ، گەل ، گروپ و ئەتنیك بەرجەستە نەبێت ، کە شەڕی دەرەکی مرۆڤن ، ئەو شەڕەی بەرانبەریەکی دیاریکراوی هەیە ، ناگات بە شەڕ و ململانیە ناوەکیەکانی خۆی لە گەڵ دەنگ و خواستە خنکاوەکانی ، لە گەڵ کوت و پەیوەندی دەست و قاچی . هەتا شەڕە دەرەکیەکانی تەواو نەکات ناگات بە پرۆسەی ڕووبەڕووبونەوەی کۆمەڵ و زیندوو کردنەوەیبەشە مردووەکانی ناوەوەی خۆی .

***★ تێڕوانینتان بۆ ئەو بارودۆخەی ئێستا ژنانی کوردی تێدا تێئەپەڕێ چیە ؟ چ پێشنیارێکتان هەیە بۆ ئەو رێکخراوانەی لە کوردستاندا کاردەکەن.***

- لە پرسیارەکانی پێشوودا زۆر لە تێڕوانینەکانم سەبارەت بە بارودۆخی ژنان دەرکەوتوون ، ئەوەش سەربار دەکەم کە بارودۆخی ئێستای ژنان ، بارودۆخێکی دووفاقیە ، دەیەوێت عەقڵە بۆماوەیی و کەلتورە نەریتیەکان بپارێزێت و داوای ماف و ئازادیش بکات ، دەیەوێ بە هۆشیاریەکی هەرەمەکیەوە نوینەرایەتی هۆشیاری ئایدۆلۆژی بکات ، دەیەوێ لە گەڵ چەوسێنەرەکەی رێبکەوێت لە سەر چەوساندنەوەکانی و باسی مافی ژن بکات ، دەیەوێ لە گەڵ دەسەڵات و دژی دەسەڵاتیش بێت ، دەیەوێ بە بێ شوناس داوای شوناسی ئەوی بەرانبەر بکات ، دەیەوێ بە رۆشنبیریەکی کەمتر لە مامناوەندییەوە بانگەشەی رۆشنبیری نوخبەوی بکات ، لە هەڵویستەکاندا سادی و ماسوشی دەنوێنێت لە بەرژەوەندی ئەو حزبەی کاری بۆ دەکات و ئەوانەی نەیارین ، جا با نەیارەکە ژنیش بێت ، ئەوی ژنی بانگەشە کاری مافی ژن هەر دژایەتی دەکات چونکە دژی دەسەڵاتە دروستکەرەکەی ئەو بووە کە لە هەمان کاتدا چەوسێنەریشێتی ...بە هەر حاڵ پێشنیازم بۆ ژنان ئەوەیە کە لە ژێر چەتری حزبەکان و کۆنترۆلیان بێنە دەرەوە و ببن بە داکۆکی کاری راستەقینەی مافی ژنان و هەموویان لە ژێر یەك ئامانج و دروشمدا کۆببنەوە کە مافی ژنە ، ببن بە هێزیکی یەکگرتووی بەهێز و ئەوەی ئێستا دەسەڵاتەکان هاوکاریان دەکات و بێدەنگ بوونیان دەکرێت ، ئەو کات بە یەکبوونیان وەکو هەر حزبێك لەو حزبانەی بوودجەی تایبەتی خۆیان هەیە ئەوانیش لە ژێر ناوی هێزی ژنان ، بزوتنەوەی ژنان ، ئەوەی کە خۆیان پێیان خۆشە ، بودجە و داهات و پرۆژەی خۆیان هەبێت و حکومەتیش ناتوانێت بڵێ "نا " چونکە پێم وانیە کاری ژنان لەو حزبانە کەم بایەخ تر بێت کە مانگانە دوملیۆن دۆلار بودجەیان لای حکومەتی هەرێم و لە بری ئەوەشدا تیرۆرست بەرهەم دەهێنن بۆ لە ناو بردنی لاوانی کورد ..ئایە ژنان خۆیان لەم بزوتنەوە سەلەفیانە بە کەمتر دەزانن ؟ کارەساتە خۆیان لەوانە کەمتر بزانن و بۆ هەمیشە لە کودی ئەو هۆشیاریە هەرەمەکیدا چەق ببەستن و ببن بە ئامرازی خەڵتێنەری چەوسێنەرەکەیان ،هەمیشە لە دەرگای چەوسێنەرەکەیاندا بتێکی بێ رۆح بن .

**بارودۆخی ئێستای ژنان ، بارودۆخێکی دووفاقیە ، دەیەوێت عەقڵە بۆماوەیی و کەلتورە نەریتیەکان بپارێزێت و داوای ماف و ئازادیش بکات**




نامەی چوارەم

### ئەو وەختەی نووسین بێهوودە ئەبێت

زۆرن ئەو کاتانەی هەست ئەکەم نووسین بێهوودەیە ، کەچی هەر ئەنووسم ، لەبەر یەك هۆ ئەویش ئەوەیە هیچ پەناگەیەکی تر شك نابەم سەری پێوەنێم ، هیچ چەکێکی دی شك نابەم شەڕی پێبکەم ، هیچ بەندەرێ شك نابەم پاپۆڕی خەمەکانمی لێ راگرم..
کەم جار رازی ئەبم لە هەموو وشەیەك بینووسم ، زۆر جار رووداو زۆر لە سەروو زمانی نووسینەوە ئەبێت ، زۆرجاریش زۆر لە نووسین گەورەتر و ئاڵۆزتر ئەبێت ، زۆر جار زۆر لە دەرەوەی توانای نووسینەوە ئەبێت..ئیدی ناچار ئەبم هەستەکانم کورت کەمەوە و لە دێرە کورتەباڵاکاندا بیانهۆنمەوە ، ئەوەش دووچاری نارازیبوونم ئەکات ، زۆر جاریش پەنائەبەمە بەر هێزی لەت و پەت کردنی مەوداکانی نێوان خۆم و هەر شتێك لەدەرەوەی خۆمدا ئازارم بدات ، تا پێی بگەم و لە نهێنی ئازار نزیك بمەوە و هەڵیوەشێنمەوە و جارێکی تر لە بێهودەییما دایڕێژمەوە بەڵام بە ئەلفابێتایەکی تر هەر لە خەم و پەژارە و بیانکەمە پەپوولە رەنگالآکان و هەڵیانفڕێنمە سەر باغەکانی خەونیان پێوە ئەبینم..
هەموو ئەوەی ئەمەوێت بیکەم ئەوەیە : ئەمەوێت رزگارم بێت لە کۆت و بەندەکانی نووسین و فەلسەفە لێڵەکان و دوو ڕوویی هەستەکان ، و ئەمەوێت وشە بە نەمری لە ویژدانی ولآتدا بمێنێتەوە ، زۆر جار هەوڵم داوە هێند بە روون و شەفاف بنووسم تا ئەو رادەیەی خۆم برینـدار کردووە لەبەر خاتری ئەوەی درۆ نەکەم و قەڵەمەکەم پەی بە هونەری درۆ و هەڵخەڵەتاندن نەبات.. زۆر جار ئەخوازم هەستەکان بێ لایەنانە بخەمە سەر کاغەز و وشەکان بێ ناسنامە بهێڵمەوە ، لەگەڵ ئەوەی ئێمە کوشتەی دەستی ئەو ناسنامەیەین کە شەڕی بۆ ئەکەین، لەگەڵ هەمو ئەوەدا کەم جار پێم ئەکرێ لە شاری وشە دوور کەومەوە و نەتوانم راستگۆ نەبم ، ناتوانم لەسەر لێوی پرسیار دانەنیشم و نەسووتێم و تەماشای کەرنەفالی مردن نەکەم و لە دوورەوە وەرزەکانی گریان نەهۆنمەوە ، زۆر جار جانتای "وشە" ئەپێچمەوە و باخچەکانی "دەربڕین" شەتەك ئەدەم بەنیازی ئەوەی بەرەوە قارەکانی نەبیستن و نەخوێندنەوە و نەبینین و هەست نەکردن سەری خۆم هەڵگرم ، بەڵام مەخابن لەسەری ئەوسەری رێگاوە بە ناچاری هەر ئەگەڕیمەوە ناو هەمان هەسارەی شپرزەیی و بیرکردنەوە لە رووداوەکان و "ئەوێ" ، و وابەستەی هەمان بازنەی "ئەوێ" ئەبمەوە و جارێکی تر خۆم لە باوەشی ئەوێدا ئەبینمەوە ، ئەگەر چی هێشتا دوورم..

**لە دوورەوە نووسینی: ڤینۆس فایەق**

Venusfaiq@yahoo.co.uk

# سپۆرت

## یاریگای چۆڵ

**ئەرکان محمد رشید**

پاش دەست پێکردنەوەی خولێکی تری رۆژنامەی (گەرمیان-ئایندەی گەرمیان)و دانانی گۆشەیەکی تایبەت بە بابەتی وەرزشی دەربارەی ئەو کێشەو بابەتە زیندووانەی کەرۆژانە لەیاریگاکان وناوەندە وەرزشی یەکانەوە دەبینرێن ودەبیسترێن پێمان باش بوو ئەم جارەو لەگۆشەی سپۆرت دا بابەتێکی زیندووی ترتان دەربارەی بوونی یاریگای وەرزشی بێ سەرپەرشتیار بخەینە پێش چاوو.دیارە لە سەرجەم جیهان وووڵاتانی پێشکەوتووشدا بوونی یاریگای مۆدێرن وهاوچەرخ یەکێکە لەهۆکارە سەرەکی یەکانی بەرەو پێش چوونی ئاستی وەرزش لە و ووڵاتەدا.وەئێمەی وەرزشکاریش بەپێی ئەو باروودۆخەی کەتێیدا دەژین مافی خۆمانە یاریگای باش ونمونەییمان هەبێت وەپێویستیشە لەسەر بەرپرسان ولایەنگرانی وەرزش لەسنوورە کەدا هەموو هەوڵ وتواناکیان بخەنە گەڕ بۆ درووست کردنی یاریگای نوێ وهاوچەرخ بۆ ئەوەی بتوانین باشترین خزمەت بەوەرزشکاران بکەین.

بێگومان ئێمەی وەرزشکاری کوردو گەرمیانی ئەوەی داوامان کردووە لە ئاست توانای حکومەت بووەو داوای شتێکمان نەکردووە لە توانای حکومەت ودەسەڵات زیاد بێت وئەوەی داوامان کردووە بۆ خزمەتی سەرجەم وەرزشکارانە بەگشتی نەك تەنها چینێکی دیاری کراو.

گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا هیچ شتێك کراوە و یاخوود نا؟ لەوەڵامدا ئەوەی دەیبینین هەندێك شت کراوە بەڵام چۆن کراوەو بەچی شێوەیەك ئەوە خۆی لەخۆیدا جێگەی پرسیارە.لەماوەی ساڵی پێشووداو دوای چەندین داواکاری وپێشنیارلەلایەن وەرزشکارانەوە سەرەنجام چەند یاریگایەکی وەرزشی بچووك درووست کرا کە درووست کردنی ئەم یاریگایانە جێگەی دڵ خۆشی سەرجەم وەرزشکارانە بەڵام ئایا درووست کردنی ئەم یاریگایانە لەئاست داواو خواستی وەەرزشکاراندایە یاخوود شتێکی سادەیەو تەنها بۆرازیکردنی وەرزشکارانەبەوەی کەشتێکیان بۆکراوە .دیارە لەسەر ئەویاریگایانە پێش وەخت چەند بابەت وریپۆرتاژێك کراوە لەوانە(تەلەفزیۆنی ئایندە-ریپۆرتاژ)وپاش دەرکەوتنی داواو پێشنیارەکان دەرکەوت کەدرووستکردنی ئەم یاریگایانە بەو شێوەیەو لەوجێگایانەدا چەندین پرسیار هەڵدەگرێت .

١-ئایا بۆ ئەویاریگانە کە سێیاریگای داخراوی(کەلارکۆن-شۆڕش-بنگرد) ە.بۆ ئەو یاریگایانە بەشێوەیەکی یەکسان دابەش نەکراوە بەسەر سەرجەم گەڕەکەکانی تری شاری کەلاردا لەوانە( سەرکەوتن-گازینۆ-بەردەسوور-شێروانە.........هتد) کەئەوانیش بەشێکن لەم شارەو سەدان وەرزشکاریان تێدایە.

٢-ئەویاریگایانەکەدرووست کران بۆ هیچ جۆرە پێداویستی یەکی تایبەتیبۆ دابین نەکراوە لەکەل وپەل وپێداویستی تایبەتیناویاریگای بچووك کەبێگومان دەبووایە پێش درووست کردنی هەریاریگایەك پێداویستییەکانی بەتەواوی دابین کرابێت .

٣-دابین نەکردنی پاسەوان وسەرپەرشتیار بۆ ئەو یاریگایانە کەئەمەش کاریگەرییەکی سلبی کردووەتە سەریاریگاکان وپێویستە چارەسەری گونجاوی بۆبدۆزرێتەوە.

٤-زانیاری ئەوەمان پێگەیشتووە لەلایەن هاووڵاتیانەوە کە هەندێك ئامێرو پێداویستی ناو ئەویاریگایانە لەوانە ماتۆڕی ئاوی مەلەوانگە. تێکدانی تۆڕی دەوروبەری یاریگاکان ......... هتد براوون یاخوود تێکدراوون.

بێگومان و پاش دەرکەوتنی ئەو کەم وکورتیانەی کەلە بابەتەکەدا باس مان کرد پێویستە چارەسەری بەپەلە بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە چونکە ئەم یاریگایانە پارەیەکی ئێجگار زۆریان تێدا خەرج کراوەو لەسەرووی هەمووشیانەوە دەبێت شارەوانی بەکارەکانی خۆیدا بچێتەوەو کارو پرۆژەکانی بەیەکسانی بەسەر گەڕەکەکانیشاردا دابەش بکرێت وبەو هیوایەی بە زووترین کات چارەسەری گونجاو بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە.





# پلیتی جامی جیهان کەوتەوە بازاڕ

هۆرست شیمیت جێگری بەڕێوەبەری مۆندیالی (٢٠٠٦) لە ئەڵمانیا ، رایگەیاند کە ئەم هەفتەیە (٤٠،٠٠٠) پلیتی جامی جیهانی ساڵی داهاتوو دەکەوێتەوە ناو بازاڕ .لەم بارەیەوە شیمیت گوتی:" ئێمە زۆر خۆشحاڵین بەوەی کە خەڵکی زۆرتر پلیتی جامی جیهانی بەدەست بکەوێت".هەروەها بەڕێوەبەری ناوبراو ئەوەشی ئاشکرا کرد کە قۆناغی سێیەمی پلیت فرۆشتن لە مانگی کانونی یەکەمی داهاتوو دەست پێ دەکاتەوە و ژمارەی پلیتەکانیش (٣٠٠,٠٠٠) پلیت دەبن .شایانی باسە (٤٠,٠٦٥) پلیت لە قۆناغی یەکەمی پلیت فرۆشتن فرۆشرا، وا بڕیارە مۆندیالی (٢٠٠٦) لە (٩)ی حوزەیرانی ساڵی داهاتوو ئەڵمانیا بەڕێوەبچێت

# تاڵب چەلووب

## بەڵێن بەجەماوەر دەدەم کەشێروانە بگەیەنمە لوتکە .چونکە سەرۆکی یانە پشتیوانیم دەکات



وەرزش دیاردەیەکی شارستانی جوانەکاتێك جوانتردەبێت کەشوێن کەوتووانی بەشێوەیەکی وورد و جوان لەماناکانی وەرزش شارەزابن ولەرێگەیانەوە خەڵکانێکی ترسوود مەنددەبن .دەمێك بوویانەکانی کوردستان بەگشتی وکەلاربەتایبەتیپێویستی یان بەراهێنەری شارەزاو لێهاتووهەبوو کەبێگومان پێشنیاریدابین کردنی راهێنەربۆ شێروانە چەندین جار داواکرابوو بەڵام سەرئەنجام ئەمساڵ بەسەرپەرەشتی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان(٦)راهێنەربۆیانەکانی کوردستان دابینکراولەنێوانیاندا (تالب چەلووب) بۆیانەی شێروانە. چەلووب :راهێنەرێکی شارەزاو هێمن وخاوەن کەسایەتییەولەدایك بووی ساڵی ١٩٦٤ی شاری بەغدایە مێژوویەکی وەرزشی باشی هەیە ئەگەربە درێژی باسی بکەین ئەوا زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کەئێمە لە چاوپێکەوتنێکدا باسی بکەین ووتیشی ئەگەرچی من پێشترشارەزای کەلارنەبووم بەڵام دوای دەست بەکاربوونم ئێستاخەڵکێکیباش دەناسم وووتیشی داواکارم کەجەماوەرییانەی شێروانە لەگەڵ یانەکەیاندا ئاشت ببنەوەووتیشی زۆر سوپاسی سەرۆکی یانەبەرێز(عەلی شەهید محمد)دەکەم کەهاوکارییەکیزۆرم دەکات وەبەڵێنیش دەدەم تالەگەڵ یانەی شێروانەدابم بەباشترین شێوە کاربکەم ویانەیەك دروست بکەم کەئەگەرمنیش رۆیشتم یانەیەکیبەهێز بەجێبهێڵم .وەدەربارەی کەمیکات ووتی راستەکاتی کەمان بەدەستەوەماوە بەڵام زۆردڵنیام ئەنجامی باش بەدەست دەهێنم .وەووتیشی لەورۆژەوەهاتووم کۆمەڵێك کێشەم تووش بووە وە ئێستا بەرەو چارەسەرکردن دەچێت.وە داواشی کرد جەماوەر ئەم جارە بگەڕێنەوە و یانەکەیان هان بدەن چونکە ئێستا زۆر پێویستمان بە پشتگیری جەماوەر هەیە .وەووتیشی لەو ماوە کەمەی کەبە دەستەوە ماوە چەند یاری یەکی دۆستانە ئەنجام دەدەین بۆ دەرکەوتنی توانای یاریزانان و دەست کەوتنی پێکهاتەیەکی بەهێز وەبەرێزی گەشبینی دەربڕی بەوەی کەبتوانێ ئەنجامێکی باش بەدەست بێنێت و دڵی جەماوەریش بگەڕێنێتەوە بۆ لای یانەکەی.ماوەتەوە بڵێین تالیب چەلوب یاریزانێکی دێرینی عێراقەو لەسەردەمی ساڵانی ١٩٨٠ ەوە لەهەریەك لەیانە بەهێزەکانی وەکو نەفت وعومال وجەیش وپاشان ڕەشید ودواتریش هەڵبژاردەی عێراق یاری کردووەو چاوەڕوانی ئایندەیەکی باشی لێدەکرێت.

# ڕۆبینهۆ:

## هیوادارم زوو خۆم لەگەڵ ریال مەدرید بگونجێنم





رۆبینهۆی هێرشبەری تازەی یانەی ریال مەدرید هیوادارە بتوانێت زوو خۆی لەگەڵ یانەی ریال بگونجێنێت.لە یەکەم دەرکەوتنی لەگەڵ یانە تازەکەی (ریال مەدرید) رۆبینهۆی هێرشبەری بەرازیلی ، هیوای ئەوەی خواست کە بتوانێت بە زوویی لەگەڵ یاریزانە هاورێکانی خۆی بگونجێنێت ، بۆ ئەوەی دەسکەوتی گەورە بۆ یانەکە تۆمار بکەن.رۆبینهۆ لە لێدوانەکانی بۆ رۆژنامەی مارکای ئیسپانی گوتی: هیوادارم زوو لەگەڵ یاریزانانی ریال مەدرید بگونجێم ، بۆ ئەوەی شوێنێکی سەرەکی لە پێکهاتەی یانەکە بۆخۆم مسۆگەر بکەم.جێگەی باسە رۆبینهۆ بە بەهای ٣٠ ملیۆن دۆلار لە یانەی سانتۆسی بەرازیلی هاتە ریزی یانەی مەدرید.لە درێژەی لێدوانەکانی ناوبراو گوتی : هەوڵ دەدەم بەشێوەیەکی باش لە گەڵ ریال مەدرید دەرکەوم، کە کەمتر نەبێت لەو ئاستەی کە لە سانتۆس پێشکەشم دەکرد، و هیوای سەرکەوتنی زۆریش بۆ یانەی سانتۆس دەخوازم لە خولەکانی داهاتووی

## مەرجەکانی کەسایەتی وەرزشی نموونەیی

بۆ ئەوەی وەرزشکارێك وکەسایەتییەکی نموونەیی وخاوەن بڕوابیت لای جەماوەر پێویستە چەند خاڵ و نیشانەیەك هەیە لە خۆتدا بەدی بهێنیت.

١-ئەبێت مێژوویەکی وەرزشیباشت هەبێت (واتە: لەبواری وەرزشدا خزمەتت کردبێت).

٢-خۆشەویست بیت لای جەماوەری سنورەکە بەتایبەتیو دەوروبەرەکەت بەگشتی.

٣-بۆ ئەوەی زیاتر شانسی ناوداریت هەبێت پێویستە پێشتر لە یەکێك لەبوارە وەرزشی یەکاندا رۆڵێکیسەرەکی بینیبێت.

٤-کەسێکی بە توانابێت و لێهاتوو بێت لە قسە کردن و چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکاندا.

٥-رێز لە هەموو ئەو کەسانەی دەورووبەری بگرێت ولەگەڵیاندا وەك هاورێ هەڵس وکەوت بکات .

٦-پێویستە گرنگی یەکی باش بەکارەکەی خۆی کە وەرزشکردنە بدات چونکە پابەند بوون بە کارەکەی خۆت زیاتر متمانەی پێدەدات لەلایەندەوروبەرەکەیەوە.

٧-شارەزاییەکی باشی هەبێت لەبارووددۆخی وەرزش لەسنورەکەو کوردستان وجیهاندا و بۆ ووتەو قسەکانی وەڵامی تەواوی پێبێت.

٨-رێز لە هەموو ئەو کەسایەتییە وەرزشی یانە بگرێت کەپێشتر خزمەتیان بەبواری وەرزش کردووە.

ئەمانەو چەندین مەرج وخاڵی تر پێویستە لەو کەسانەدا هەبێت کەدەیانەوێت لەبواری وەرزش دا ببن بەخاوەن کەسایەتی یەکی ناودارو شارەزاو بەئەزموونی بوارەکەی.

## پاڵەوانێتی

### لاوانی گەرمیان گەیشتە کۆتایی

بەسەر پەرشتی نوێنەرایەتی گەرمیانی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و بە هاوکاری یەکێتی ناوەندی تۆپی پێ، خولی یانەکانی گەرمیان لە رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠٠٥/٨/١٢ ەوە دەستپێکردووە .

تیپی یانەکانی (دەربەندیخان، کفری، باوەنور،سەرقەڵا،رزگاری) بەشدارییان لە خولەکەدا کردووە و لەیەکەم یاری دەسپێکردنی خولەکەدا یانەی دەربەندیخان بە(٣—٠)لەسەرقەڵا-ی بردەوە لە یاری دووەمیشدا پاش یەکسان بوونی هەردوو یانەی باوەنور و کفری دواتربەلێدانی پەنالتی بە(٤—١)باوەنور یارییەکەی بردەوە. لە درێژەی یارییەکانی خولەکەدا ئەم یارییانە ئەنجام دراوەو خولەکەش گەیشتۆتە کۆتایی یارییەکان (دەربەندیخان×رزگاری)،(٦—٠)—(سەرقەڵا×کفری)(٣—٢) ،(باوەنور×دەربەندیخان)(٠—٠) بەلێدانی پەنالتی(٥—٤)،(کفری×رزگاری)(٠—٠)بەلێدانی پەنالتی (٤—٣)،(کفری×دەربەندیخان)(١—١)بەلێدانی پەنالتی(٣—١).

شایەنی باسە لەلایەن دەستەی ناوبژیوانانی شاری کەلارەوە سەرجەم یارییەکانی خولەکە بەرێوەچوو .

### کۆتایی هاتنی خولێکی تۆپی پێ لە ناحیەی رزگاری

سەر لە ئێوارەی رۆژی چوارشەمە رێکەوتی ٢٠٠٥/٨/٢٤ سەعات(٦)ی ئێوارە لە یاریگای شەهیە ئارام، بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە وەرزشکاران و وەرزش دۆستان یاری کۆتایی خولی تۆپی پێی سەرۆك کۆمار ئەنجام درا لە نێوان هەردوو تیپی (کامەرانیو نەورۆز)دا یارییەکە لە ئاستێکی هونەری زۆر باشدا بە(١) گۆڵی بێ بەرانبەر تیپی کامەرانی یارییەکەی بردەوەو یەکەمی خولەکەبوو،پاشان لە کۆتاییدا خەڵات بەسەر سەرکەوتواندا دابەشکرا .

شایەنی باسە ئەم خولە بنکەی وەرزشی رزگاری بە سەرپەرشتی نوێنەرایەتی گەرمیان سەر بە لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بەبۆنەی سەرکەوتنی هەڤاڵ(مام جەلال) بە سەرۆك کۆماری عێراق بۆ (١٩) تیپی میللی ناحیەی رزگاری و دەوروبەری رێکیخستبوو .

**هادی ئەحمەد**

### کردنەوەی یاریگایەکی نوێ لە کەلاری کۆن

رۆژی شەمە ٢٠٠٥/٨/٢٠ بە هاوکاری کەرتی رێکخستنی کەلاری کۆن و رێکخراوی ئازادی لاوان و نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆلۆمپی لە کەلار یاریگای نوێی (کەلاری کۆن) کرایەوە.

لەیاری کردنەوەی یاریگاکەدا تیپی شالاوی کەلاری کۆن میوانداری تیپی باوەنوری کردو لەیارییەکی بەهێزدا باوەنور(٢—١)یاریەکەی بردەوە، لەکۆتایشدا خەڵات بەسەرسەرکەوتواندا دابەش کرا .

### خولی تۆپی پێی لاوانی یانەکانی کوردستان

لە درێژەی یاریەکانی خولی تۆپی پێی لاوانی یانەکانی کوردستان لە ماوەی چەند رۆژی رابردودا لاوانی یانەی شێروانە سێ یاری گرنگیان ئەنجام دا ، ئەنجامەکانی بەم شێوەیە بوون : شێروانە × ئاشتی ٣—٢ سلێمانی × شێروانە ١—٢ شێروانە × پێشمەرگە ٠—١ شایانی باسە لاوانی یانەی شێروانە پاڵەوانی وەرزی ٢٠٠٤—٢٠٠٥ ی خولی لاوانی یانەکانی کوردستانن .

# بەناو بانگترین ناوبژیوان واز لە پیشەکەی دەهێنێت



ناوبژیوانی نێودەوڵەتی ئیتالیا (پیار لویجی کۆلینا ) بڕیاردا واز لە پیشەی ناوبژیوانی بهێنێت دوای ئەوەی لە یەکێتی تۆپی پێی ئیتالیا ئیستقالەی کرد ئەوش بەهۆی پێکدادانی بەرژەوەندییەوە وەئەم واز هێنانە دوای ئەوەهات کە کۆلینا بڕی ( ٥٤٥٠٠٠ ) جونەیهی ئستەرلینی لە کۆمانیای ئۆپڵ وەرگرت کە هەمان کۆمپانیا یانەی ئەی سی میلانیشی بەڕێوەدەبرد وە یەکێتی تۆپی پێی ئیتالیا لە بەرامبەر ئەم کارەدا بڕیاریدا کە کۆلینا دەبێت لەمەولا تەنها ناوبژیوانی خولی پلە دووی ئیتالیا بکات وە لە لێدوانێکدا کۆلینا ووتی لەم چەند شەوەی رابردوو کەمترین کات خەوتووم لەو کاتەی کە لە جامی جیهانیدا خەوتووم ، ئەمەش بەهۆی ڕوودانی ئەم کێشەیەوە کە ڕوویداوە لە بەرامبەر واز هێنانی کۆلینادا سەرۆکی یەکێتی ناوبژیوانانی ئیتالیا تۆلیۆ لانیسی ووتی : هەموو هەوڵێکم دەخەمە گەڕ بۆ گەڕانەوەی کۆلینا بۆ پیشەکەی ، شایەنی باسە لە ماوەی بیست و هەشت ساڵی ناوبژیوانیدا کۆلینا چەندین نازناوی گرنگی بەدەستهێناوە لەوانە پێنج جار بە باشترین ناوبژیوانی جیهان هەڵبژێردرا و تەمەنی ئێستا چل و شەش ساڵە .